مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستەنگەكانی بەردەم دەوڵەتی كوردستانی

## لە ژێر سایەی سیاسەتی دەولی و یاسای دەولی

An obstacles to the Kurdish state under international law and policy

**مەسعود عبدالخالق محمد ئەمین**
سەرۆكی دەزگای ستاندارد
abdkaliq@gmail.com

## پوختە

هۆكاری دابەش بوون وبێبەش بوونی كوردستان جیایە لەگەل بەردەوامی ئەودۆزە ،لەیەكەما ئیستعمار لێی بەرپرسیارە ،لەدوەما هۆكارەكان فراوان دەبێت بۆ هۆكاری ئیقلیمی وناوەكی دەولەتە داگیركەرەكە، لێرەوە ئاستەنگەكان ئالۆزدەبن لایەنەكانی سیاسی و یاسایی وسەربازی دەگرێتەوە،تاڕادەیەك بەدەرە لە توانای كورد ،بۆیە دۆزەكەی درێژەی كێشا ، پێویستی بە هاوپەیمانی لەسەر ئاستی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان پێویستە ، ئەو هاوپەیمانیەش بۆ میلەتی بێدەولەت هەمو كات وساتێك ئامادە نیە ،بەلام مەحال نیە،چەندین جار دەرفەت وچركەی مێژوویی هاتۆتە پێش ،كەمی (شارەزایی و دانایی )سەركردایەتی كورد باش نەقۆزرایتەوە ، هێشتا بوار هەیە پرسی كوردستان لە (مافی جیابوونەوە ) وەرچەرخێتە (مافی چارەنوس) لە پرسێكی دەڤەری ناوەكی عیراقی بەرزبكرێتەوە بۆ دۆزێكی بنچینەیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست (تدويل) , بەو ئارِستەیة دەكریت كوردیش پرۆژەیەكی چاكسازی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی هەبێت شان بەشانی پرۆژە چاكسازیەكانی جیهانی , لەو توێژینەوە بەووردی ئاستەنگەكانی ناوەكی وئیقلیمی وجیهانی (بەدەولەت بوون) دیاریكراوە لە سەر هەردوو ئاستی سیاسەی دەولی و یاسای دەولی ، دەردەكەوێ بوار هەیە كوردستان بەسەر ئەو ئاستەنگانە زال بێت وبینای دەولەتی خۆی بكات، بێئەوەی ستەم لەهیچ لایەك بكات . بەلكو فاكتەری برایەتی وئارامی بێت

## معلومات البحث

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٨/١/٧
القبول: ٢٠١٨/٢/١٦
النشر: **شتاء** ٢٠١٨

**Doi:**
**10.25212/lfu.qzj.3.1.04**

**الكلمات المفتاحية:**

National state, right of separation, self-determination, international law, constitution, federal government, political parties.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەناوچەکەو جیهان .

## پێشەکی

**لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم (1914–1918) پرسی بە دەوڵەت بوون لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەپێی 14 بنەماکەی ویلسۆن ودوایش مادەی 22ی (عهدی عوسبە) هاتەکایەوە،گەلی کوردستان مەرجە یاسایی وسیاسیەکانی پیش وولاتانی تری ناوچەکە لەباربوە بۆ دەولەت بوون , جگە لە بەرگەی ئابووری وجو گرافی سەرخانە سیاسی ویاساییەکانیشی باشتر بوو, لەوانە :**

1– **دەسەلاتی سیاسی لەمێژووی کوردستان بەرجەستە بوە، کە هەندێکیان لەئاستی دەوڵەت بوونەو سکە و ئالای تایبەتی خۆی هەبوە، جگە لە دەسەلاتە مەزنەکەی ئەیوبییش..**

2– **لە میژوودا لەگەل دەسەلاتە سیاسیەکان ڕیکەوتنامەی ئیقلیمی ودەولیان هەبوە ،رێککەوتنی کابانی کوردی و پێغەمبەر (د.خ)، هاوپەیمانی (دێلم)ی کورد وسەعد لە شەڕی قادسیە [1]،سەلجوقیەکان لەگەل کوردی سەرووهۆلاکۆ لەگەل کوردی خواروو، ئینجا رێکەوتنی سوڵتان سەلیم لەگەڵ (23) ئیمارەتە کوردیەکە بە سەرپەرشتی شێخ ئیدریسی بەدلیسی–لە 1514(کە گرنگترین مادە تیایدا چوارەم بوو : هەردوو لا یارمەتی یەکتر بدەن لە کاتی هێرشی دەرەکی )[2], تا دەگاتە رێکەوتنی سوڵتان محەمەد رەشاد و دواییش محەمەد واحیدەدین و نوێنەری کورد بۆ مافی چارەنووس لە 1914–1921 .**

**هەرچی رەهەندی یاسایە بۆ بەدەولەت بوونی کوردستان لە : کۆنگرەی سیڤەر 1920(مادەکانی 62–63–64) , کۆنگرەی سان ریمو 1920/4/25 , پرۆژەی کیرزن 1920 ,مادەی 4یکۆنگرەی قاهیرەی1921[3], ڕاپۆرتی ویلایەتی موسل,مادەی 16ی لائیحەی ئینتدابی بەریتانیای1920 بەسەر عێراق.**

**مافی چارەنوسی کورد لە کۆنگرە نێودەولەتیەکان لە ژێر سەردێری کوردستان بوە ,وەك لەسیڤەر واهاتوەو ئینجا پێش عیراقیش هاتوە ، کوردستان وعیراق بە مادەی جیا مافی چارەنوسیان بۆ دیاری کرا ،عیراق بەمادەی 94 وکوردستانیش بە مادەی (63)ی سیڤەر لە عوسمانی جیا کرانەوە , نوینەری عوسمانی (هادی پاشا )خۆشی سیڤەری مۆر کرد , دانیشی نا بە دەسەلاتی شێخ مەحمود بەپێی بروسکەی (عەلی ئیحسان پاشا ) لە30/تشرینیییەکەم/ 1918 ...کەچی بەدەولەت نەگەیشت , زۆر هۆکارباس کراوە بزانین هۆکاری ڕاستەقینەکە چیە,وەك دەروازەیەك بۆ دۆزینەوەی ئاستەنگە کانی بەردەم دەولەتی کوردستانی .**

---

(1) تەواوی ئەو زانیاریانە لەبارەی دیلم بخوێنەوە لە کتیبی : د عبداللة مصطفى- امجادالاكراد .ساڵ و چاپی تیدانیە .

(2) بۆ زیاتر بڕوانە : وليد حمدى - الكورد والكردستان في الوثائق البريطانية ص16-17.

3 محمود شاكر- التأريخ الأسلامى المكتب الاسلامى، ط2 1996 ج1 ص32

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم

## هۆی ڕاستەقینەی بە دەوڵەت نەبونی کورد

مێژووی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ قووڵە , خەریکە وەك (ڤۆلتێر)بڵێین مێژوو بریتیە لە تۆمارگای چەوساندنەوە[4] ,بەلام مێژووی چەوسانەوەی نەتەوایەتی ئەوەندە دوورو درێژ نیە وەك هەندێك دەڵێن کورد هەر ژێردەستەو چەوسایتەوە, ئەوە ئەوبابەتە دەشێوێنیَ و هۆی ڕاستە قینەی (مەینەتی کورد)ی پیَ نادۆزرێتەوە،لە هەمو مێژویدا بە ئەندازەی دوای سەدەی بیستەم نەچەوسایتەوەو داگیرنەکراوە، پێش سەدەی بیستەم چەوساندنەوە هەبوە، بەڵام چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەو ئە ندازە نەبوە، ڕەنگە کورد ستەمی لێکرابیَ تالاَن کرابیَ کوشتاری لیَ کرابێت، کوردیش وای لەعەرەب و وخەڵکی تر کردووە، هەریەکە خۆبەخۆش وایان لێك کردوە، خەڵکی دیکەش وای بەسەر هاتووە،لەکتێبە مێژوویەکانی (طبری وابن کثیر ومقدسی ..) باسی پەلاماری کورد کراوە بۆسەرخەلکی تر،لە (ج8 وفيات الأعيان)باسی دەسەلاتی کوردی زۆر تێدایەودەلیَ لەشەرێکدا کورد 2000ئافرەتیان لە عرب وفارس ئەنفال کرد، واهاتووە:(وافتض الأكراد مائتي بكر من أهل البيوتات وحملوا معهم نحو ألفي امرأة إلى بلادهم ),مێژووی ستەم لەنەتەوەی کورددەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی20 یان کۆتای سەدەی 19، کاتێك دەوڵەتی هاوچەرخ بەپیَ یاسای نێودەوڵەتی دروست بون لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم(1914– 1918)، بەو بۆچوونە جوانترو ڕوون تر مافەکانی میلەتی کورد دەردەکەویَ ,لای کێیە کیَ لێی بەرپرسیا رە؟هۆیەکانی دروست نەبونی دەوڵەتی کوردی چیە؟ بەکورتی هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوون یەك بابەت و لەیەك کاتدا دروست نەبوە ، ئەوە هۆو وەلامە جیاجیاکانن کە زۆر چڕمان کردۆتەوە:

1. کوردستان سنوورەکانی داخراو بووەو کەوتۆتە نێوان عوسمانی و سەفەوی واتە لایەکی لەسەر ئاو نەبووە بۆیە نەبوویتە دەوڵەت[5].
2. لەکۆنەوە هەر چەوساوەتەوە و ژێر دەستە بووە..
3. زۆر عەشایر و دواکەوتوو بووە، میللەتەکەی ڕەوەند بووینە..
4. شارێکی زۆر گەورەی بازرگانی نەبووە کە وەك ناوەندێکی ئابووری بێت.

[4]محی الدين اسماعيل - توينبى منهج التاريخ وفلسفة التاريخ , دار الشؤن الثقافةالعامة ,1986, ط2 ص7.

[5] ئەو راپۆرتە لەنێوان ئەرمەنی و بەریتانی هۆیەکانی بەدەوڵەت نەبوونی کورد باس دەکا :جمهورية أرمينية السوفيتية– يريفان Foreign Office ...أعتقد بأن ليس للكرد مستقبل كشعب . أنهم يعيشون في منطقة فقيرة، موزعون بين اربعة قوى وان نفوسها قليل قياسا الى جيرانهم وليس لهم موقع على الساحل ولهم ميل الى القبيلة أكثر من ميلهم الى القومية وان مصدر الدعوات القومية الكردية الحالية يعود جزءا الى التصريح المشترك الأنجلو – الفرنسي تشرين الثاني عام 1918 والذي نص على تحرير الشعوب الخاضعة للدولة العثمانية وأعطائهم حق تقرير المصير والذي كان جزءا من الأعلام الحربي لدول الحلفاء أثناء الحرب العالمية الأولى. توقيع W.J. Childs 1929/8/17

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. زاڵبوونی هەستی ئایینی بەسەر نەتەوەیاتیدا سەرکردەکانی کورد هاوکارییان لەگەڵ ڕۆژئاوا نەکرد، لە تۆڵەی صلاح الدین ئەیوبی نەیانکردوونەتە دەوڵەت.
6. زەمینەی یاسایی و سیاسی کە بریتییە لە هەرێم و گەل و دەسەلاتی سیاسی ئامادە نەبوو.
7. ناکۆکی و ناوەخۆ لەنێو کوردان و کێشەی سەرکردەکان.
8. لێدانی ئەرمەن و چەوساندنەوەی نەسرانی ئەو کێشانە وای کرد کورد نەبێتە دەوڵەت.
9 . زۆری سامانی ژێر زەوی کوردستان هۆی بە دەوڵەت نەبوونی .
10. هەیە دەڵێ، چونکە پارچە پارچەکراین بۆیە نەبووینە دەوڵەت!.
12– بەرژەوەندی ئیستعماربوو کوردستان نەبێتە دەوڵەت (ئەوەیان ڕای ئیسلامی و چەپی هاوچەرخە) .
13. ڕایەکی تری نوێش لەنێو کوردستان و دەرەوە هەیە دەڵێ: توانای دەوڵەت بەڕێوەبردنیان نەبووەو نییە..

<u>**گەڕان بەدوای هۆی ڕاستەقینە**</u>:زۆر بەکورتی هاوشێوەی کوردستان لەو (13 خالە)ی هەبووە کەچی رزگار بووەو وا ئێستا دەوڵەتن .. عیراق و ئەرمینیا و ئازەربیجان و .. کەوتبووە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەوەو بوونە دەوڵەتیش، میللەتی تریش هەبووینە داخراو بووینە (بلد الحبیس–land locked country – داخراو) کەچی بووینە دەوڵەت ، وەکو (مونگۆلیاو سودان و چاد و هەنگاریاو ..بەدەیانی تر)..سەبارەت بەخێڵەکی بوونیش هەیە بەدەویش بووە کەچی بوویتە دەوڵەت، پێکهاتەی عیراق لەسەر بنچینەی شارستانی و ڕەوەندی لەکاتی بوون بەدەوڵەتی بەو شێوەیە بووە : 35٪ بەدەوی، 41٪ دەشتەکی، 24٪ شارستانی[6]، شارستانییەکەش زۆربەی غەیرە عەرەب بوون , خۆ ئەڵمانیا لەپاش جەنگی 30 ساڵەو ڕێکەوتنی ویستڤالیای 1648 زۆر پەرتەوازە بوو , ببووە1300میرنشینی جیاجیا[7] , کەچی بسمارك توانی لەساڵی 1871 کۆیان بکاتەوەو دەوڵەتی ئەڵمانیا دروست بکا , سەبارەت بەشاری گەورەش کوردستان شاری گەورەی لێبووە وەکو کەرکوك و سنەو و ئامەد، لە بەڵگەنامەی بریتانی باس لە شارێکی تری گەورەی بازرگانی دەکا، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێك بەستبۆوە[8].

هەمو میللەتێکیش ناکۆکی ناوەخۆی هەبووە تەنانەت دەوڵەتە گەورەکانی ئێستاش , سەبارەت بە مێژووی سیاسی ویاسایی ئەوا کوردستان لە هەمووان سازتر بووە، هەر خودی بەکارهێنانی وشەی کوردستان لە سەدەی (12)ەوە دەست پێدەکات لە ساڵی 1339ز. کەوتە سەر نەخشەی ئیبن مستەو فی بۆ یەکەم جار وەك مێژووی

---

(6)د.على الوردى، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ص 119

7 فريدريك معتوق - معجم الحروب- ط1- 1996 م بيروت ص353 .

8 File No .13/14 vol.v11 secret. Kurdish policy New Delhi .Lndia.. وزارة الداخلية 16شباط1930 مذكرة سري، رقم 646 \سي :( ... وكان كردستان مركز التجارة العالمية ومعبر المهم للتجارة بين الصين والهند. حيث كانت القوافل البرية تسير بين همدان وكابول ولاهور ودلهي والصين واسكندرية وكان الكرد حماة طرق القوافل. كان مدينة كرين الكردية مركزا تجاريا عالميا...)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جوگرافیای، مێژووی ئیدارییەکەی لە دوای سەدەی (17) دەست پێدەکا[9]، کە بۆ پێنج ویلایەت بەکارهات و ناوی کەوتە سەر نەخشەی ئیداری، مێژووی سیاسی لە کۆتایی سەدەی بیستەم دەست پێدەکا، کاتیٚ شێخ عبیدالله داوای هەموو کوردستانی کرد، مێژووی سیاسی لەدوای ساڵی 1908 خەستتر بۆوە، مێژووی یاسایی لە کۆنگرەی (سیفەری 1920)را دەست پیٚ دەکات چونکە لەژێر سەردێری یاسایی (بەشی سێیەم کوردستان) لە سیڤەر هات .سەبارەت بە قڕکردنی غەیرە دین ئەوا بە فەرمی لە مادەی ( (142)ی سیڤەر جینۆسایدی ئەرمەن کەوتە ئەستۆی ئیتحادولترەقی وکەمالییەکان, بەپێچەوانەوە ئەرمەن ومەسیحیەکان هەلاتونە ناوچەی کوردەکانی خواروو کەدەستی تورکی پێنەگەیشتوە[10] , لەکۆتایشدا کوردیش ئەوەندە بێتواناو دوورە مەدەنی ویاسا نەبووینە ,ئەوەتا لە بەڵگەنامەی بەریتانی کە لەلایەن (موفەتیشی گشتی لیوای هولێر. سکینگ نێردراوە :... ان انطباعي عن الكرد انهم يحبون ة النظام ومطيعين للقانون وانهم اقلا ميلا من العرب للفوضى والتمرد ...)[11] , (کۆتلۆف) یش دەڵێت: بزووتنەوەی کوردی زۆر لە بزووتنەوەی عەرەب گەشە سەندووترە[12] .**

**کەواتەئەو هۆکارانە کاریگەری هەبوە بۆ(بەدەولەت نەبوون )بەلام هیشتا هۆکاری ڕاستەقینەی تر هەیە,**

**بەووردی سەرهەلدانی مەینەتی کورد دەکەویتە نێوان 1908 تا 1924 کە پڕە لە ڕووداوی دەگمەن :**

1. **ئینقلابی ئیتحادوتەرەقی لە 1908 و دوایش چوونە نێو جەنگی جیهانی یەکەم (1914–1918) ودوایش سەرهەلدانی کەمالیزم.**
2. **سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر ولاّتانی تەوەر (کە عوسمانی بەشێك بوو لێی).**
3. **–ڕێکەوتەکانی سایکس – پیکۆ 1916 تادەگاتە لۆزان 1923 .**
4. **– دروست بوونی دەولەتانی (عیراق –تورکیا –سوریا), لەسەر حیسابی کوردستان , ئەو ڕێکەوتنانەی سەعد ئاباد 1937، بەغدا 1955، .. هەتا دەگاتە پەیماننامەی 1975 جەزائیر،..دژ بەکورد .**
5. **لەو کاتە بوو بیری عەلمانی جێی بیری ئاینی گرتەوە.**
6. **لەوکاتە بوو کە بیری نەتەوەگەری بووە بنچینەی دروستکردنی دەوڵەتی هاوچەرخ لەجیاتی ئیمپراتۆریەتەکان.**
7. **– لەو کاتە بوو هەندیٚ ئەفەندی کورد بەهەڵەیی یارمەتی تەیاری نەتەوەیی و کەمالیزمیان دا .., هەروەك (ڕۆبرت ولْسن) دەڵیٚ: (..نەتەوەیییە تورکەکان وا سەر نەدەکەوتن ئەگەر عەلمانیەکوردەکان وا یارمەتییان نەدابوونایە لە دژی ئەستەمبۆڵ )[13] .**

---

(9) جوگرافی ناسەکانی ئیسلامی لەو دواییە وەك ئبن حوقل و ئیستاخەری و ئەلبیرۆنی و زۆری تر بۆ یەکەم جار هەوڵیاندا سنووری ئیقلیم لە سەر بنچینەی زمان دارێژن شان بەشانی دارشتنی هەندێکیشیان لەسەر بنچینەی جوگرافی و سروشتی و مێژوویی... کوردستان یەکیٚ لەوانە بوو زوو لەسەر بنچینەی زمان کەوتە ئیقلیمی جیبال.

10 ولاية الموصل- تقرير لجنة عصبة الامم ص205 .

11 مكتب المفتش الاداري ـ أربيل مذكرة رقم: 11\12 شباط \1030 الى: المستشار في وزارة الداخلية .

12 كوتلوف- ثورة عشرين الوطنية التحررية فى العراق ،ت:د.عبدالواحد كرم–بغداد\1971م ص225.

(13) بروانە :روبرت اولسن-تاريخ الكفاح القومى الكردى –دار الفارابى ,ت:احمدخليل ط1 ص87 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دیاری کردنی مەینەتی کورد لە نێوانێکی وا هۆکاری ڕاستەقینەی (بەدەولەت بوونی کوردستان)زۆر سانا تر دەکا وەك ئەوەی ئەو مەینەتیە لە قوولایی مێژوو بزر بکەی .**

**هۆکاری ڕاستەوخۆ: دوای جەنگی جیهانی یەکەم ناوچەکە هەمووی کەوتە ژێردەستی هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی نەما ، جگە لە ئێران هیچ دەوڵەتێکی تر بوونی نەبوو ، ئیتر نۆرەی وڵات دروستکردن بەپێی تەرازووی (سایکس پیکۆ –سیڤەر)ی هاوپەیمانان دەستی پێکرد , کوردناسان پێیان وایە ئەوە بەکاریگەری ترین دابەشی کوردستان لەمێژوودا دەژمێردرێت**[14].

**لە ڕووی سیاسی دابەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە پێی (بەرژەوەندی ئیستعماری ئەوسا )و(پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیلی داهاتوو) بوو ,ئامرازە یاساییەکەشی ئینتداب بوو، ولاتانی هاوپەیمانی ماندوو ببوون لە شوێنی بە داهات و بێ گێچەل و بەرگری دەگەڕان، شام و ئەو ناوچانە کەوتە ژێر دەستی فرەنسا، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن تورکیا کەوتە ژێر دەستی یۆنان، ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن عیراق کەوتە ژێردەستی بریتانیا، ناوچەی کوردستانی سەروو بەشی تورکیا بۆ ڕوسیا دانرابوو [15]، وا بەنیاز بوون تورکیاش نەبێتە دەوڵەت، یان ئەگەر بووە دەوڵەتیش بەپێی (ئنتیداب) بێ، بەڵام بەختی تورکیا ئەوەبوو یۆنان بە هێز نەبوو بە ئاسانی مستەفا کەمال یۆنان و ئیتالیای لەو ناوچانە دەرکرد، ئینجا توانی خیلافەتی ئەستەمبۆلیش بڕووخێنی بە یەکجاری، واتە سەرووی ڕۆژئاوا کەوتە ژێر دەستی ئەتاتورك، لە ساڵی 1917 شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا بە سەرکردایەتی (لینین) سەرکەوتوو بوو ئەویش لە ناوچەکانی کوردستانی سەرووی ڕۆژئاوا کشایەوەو نهێنیەکانی سایکس پیکۆیان ئاشکرا کرد، لینین و ڕوسیا یارمەتیدەری پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی نەبوون، پێیانوابوو کورد هەڵگری ئالای جامیعەی ئیسلامییە و دیوارێکی ڕەجعیەتە کە لەلای ئینگلیزو ئەمریکا دروست دەکرێ.**

**بەشێکی زۆری کوردستان کەوتە بۆشایی دەولی ,بۆ ئەمریکایان پێشنیاز کرد بێتە ئەو ناوچەیە (بەشی سەروو و ئەرمینیا),دوای ئەوەی تێگەیشت بەریتانیا بەکاری دەهێنی بۆ دژایەتی بەلشەفی (سۆڤیەتی ئەوسا )ڕەتی کردەوە، لەلای باشووری کوردستانیش بریتانیا زۆر بەزەحمەت خشکەی دەکرد لەبەر ترسیبەرگری، وەك لە برووسکەکانی سەرکردەکانی بریتانی بۆ بەرپرسانی سەربازییان ناردووە، داوایان لێکردوون وریا بن زۆر نزیکی ناوچە کوردییەکان نەکەونەوە وەك بنجاپی هندی ناخۆشە [16]،لەو سەردەمیش وەك بڕیاری نێو دەوڵەتی بۆ بەدەولەتبوون بریتی بوو لە (سیستەمی ئینتداب) کە لە مادەی (22)ی میساقی (عوسبەت ئەلئومەم) بۆ**

---

[14] سعدالدين ابراهيم – الملل والنحل والأعراق - مركز أبن الخلدون ط 2ص213:كانت كوردستان أقليما موحدا خلال 13 قرنا الى حد سايكس- بيكو 1916.

[15] بروانە نەخشەی سایکس پیکۆ ...

[16] ـ ئەسکوێتی سەرۆك وەزیرانی بەریتانی هۆشیاری بە هێزەکانی بریتانیا دا تا نەچنە نێو کوردستان ئەو بەراوردەکی وردی نێوان کورد و خێلە باتانیەکانی پنجابی هەبوو . بڕوانە د.عثمان علي - دراسات في الحركة الكوردية .. ص268

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**میراتی عوسمانی دەرچوو ، هەر میللەتێکی ژێر دەستی عوسمانی کە کەوتۆتە ژێر دەستی (دەولەتیکی هاوپەیمانی) لە جەنگ هەڵسیٚ بە فێرکردنی ئەو میللەتانەی ژێر دەستیان بۆ دەوڵەت د روستکردن، کاتیٚ کوردستان بە تەواوی نەکەوتە ژێر دەستی هیچ لەو دەولەتانە , لە هەر سیٚ مادەی (62–63–64)ی سیڤەریش ئاماژە بە ئینتداب نەکرابوو بەلکو ئاماژە بە جۆرە ریفراندۆمیك کرابوو ، بووە هۆی ئەوەی سیستەمی ئینتداب کورد نەگرێتەوە ، لەو سەردەمی جێی شانازی بوو نەیەڵی ئینتداب وداگیرکاری بتگرێتەوە.**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کەچی پێچەوانە دەرچوو ئەوانەی داگیرکران ئازادبوون ئەوانەی نەتوانرا داگیر بکرێن و ئازاد بوون کەوتنە ژێرداگیری داگیرکراوان ،** ( وعسى ان تكرهوا شيئا وهو خير لكم وعسى ان تحبوا شيئا وهو شر لكم ) **ڕێك بەشی یەکەمی ئەو ئایەتە بۆ عەرەب ڕاست دەرچوو ئەوەی دووەمیش بۆ کورد .**

**لەباشوری کوردستان (لەو کاتەی سیڤەر مۆر دەکراو مافی کوردی تیابوو، هێشتا کێشەی ویلایەتی موسڵ ساغ نەببۆوە) کەچی هەریەکە لە کۆکس و نیلسۆن (حاکمی بریتانیا لە عیراق ) بە نووسراوی فەرمی ژ : 4/3330ی 2/22 /1921 فەرمانی دابوو بە حکومەتی تازەی عیراقی تا کوردستانی خواروو بخەنە سەری** [17]**، هەر لە مادەی (27)ی سیڤەریش سنووری نێوان تورکیاو عیراق پێشنیاز دەکرێ زۆر پێچەوانەی مادەی (62)ی سیڤەرە کە سنووری کوردستانی دیاریکردووە، هەر لەناو عیراقیش لە کاتێکا بریتانیا لە 1922/10/24دان بە دەسەڵاتی شێخ محمود هێنرا وەك (حوكمدار)، کەچی لە ڕێکەوتنامەکانی بریتانی عیراقی ناوی کوردی هەر تیا نەدەهات**[18]**،..ئەمریکاش لەدژی ئەو هەنگاوانەی بریتانی وەستا و داوای** (سياسة الباب المفتوح) **کرد و لیژنەی (کنگ . کراینی) بۆ ناوچەکە دروست کرد و داوای کرد هەموو ئەو ناوچانەی لە عوسمانی جیاکراوە بخرێتە سەر مومتەلەکاتی** (عصبة الامم)**، (ویلسن) لایەنگری دەولەت بوو بۆ ئەرمەن وبۆ کوردستانیش بوو** [19]**, بەو شێوەیە لەسەر یەك ڕەئی نەبوون و هێزی جێبەجێکردنی سیڤەریان لاواز کردسەبارەت بەکورد، دەرفەتەکەش کورت بوو کورد تیایدا بەجێماو نەبووە دەوڵەت , لەوکاتیەوە زاراوەی (مەینەتی کورد)یش باوی وەرگرت .**

**مەینەتی کورد بەو مانایەی هەم دابەش کراو هەم بێبەش کرا , ئەگەر وەك یەك نیشتمان لە ژێر دەستی دەولەتێکی تر بوایە ئەوەندە ئالۆز نەدەبوو ,وەك ئیستا وادابەش کراوە کە وولاتانی داگیرکەرەکان هاریکاری یەکتر دەکەن دژی هەر تەقەلایەکی بەدەولەت بوون , لەوەوە ئاستەنگەکانی بەردەم بەدەولەت بوونی کوردستان زۆر خەست بوەو زانست وتوێژینەوەی گەڕەکە بۆ تێگەیشتن وپەیڕەو کردنی , بەو زانیاریانەوە دەچینە بەشی دوەم و ئاستەنگەکان .**

---

[17] منظمة ستاندرد-الملف القانوني (حق تقرير المصير لشعب كوردستان وفق القوانين الدولية ) ط1سنة 2014 , ص71.
[18] دەقی ڕێکەتنەکە لە کتیبی : عبدالرزاق الحسني –العراق في ظل المعاهدات – بيروت دار الكتب, ط6 ج2ص10 .
19 بۆ زیاتر لەبارەی لایەنگری ویلسن بۆ دەولەتی کوردستانی بڕوانە : ماريانا خارو داكي –الكردوالسياسة الخارجية الامريكية – ت:خليل الجبوسي ,دار الغارابي , ط1 2013 ص268 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم

## ئاستەنگەکانی دەوڵەتی کوردستانی

**لەوەی سەروو دەرکەوت بەرپرسی یەکەمی مەینەتی کورد وولاتانی ئیستعماری بوە , بەلام بەردەوامی مەینەتیەکە تا ئەو ساتە دەکەوێتە ئەستۆی وولاتانی ناوچەکەش , کەواتە دۆزەکە سادە نیە زۆر ئالۆزو قورسە ,گەلی کوردستان لەکاروان بەجێما ودر ێژەشی کێشا , واسەدەیەك تەواو دەبێت لەخەباتی نەتەوەیی کەچی هیشتا دەولەتی کوردستانی دروست نەبوە , تەنانەت لە یەك پارچەش , کەواتە دەبێت ئاستەنگی سەخت لەپێش هەبێت بۆیە وا نەهاتۆتە دی , ئاستەنگی سایکۆلۆجی وکۆمەلایەتی و ئیداری و ئابوری و ..هەیە بەلام لەو تو ێژینەوە زیاتر بەلای ئاستەنگەکانی سیاسەی دەولی و یاسای دەولی دەچین ,زۆر بەکورتی :**

**ئاستەنگەکانی سیاسەی دەولی**

**ئاستەنگی یەکەم**– **لە ئێستادا 193 ولات ئەندامن لە نەتەوە یەککگرتوەکان، سەر ئەو زەمینە بستەخاکێك نەما بیَ سەروەری و سیادەی ولاتێك، مادەی (2)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان جەختی پاراستنی لێدەکاتەوە , سنوری دەولی هەر ولاتێك کۆتایی دێت بەسنوری ولاتێکی تر، ئیتر دروست کردنی د وڵەت و چارەی خۆنووسی زۆر بە زەحمەت کەوتووە، وەك جاران لە سەدەی 19 سەربەخۆیی سانا نیە، ئیتر ئەوە ئاستەنگی هەرەئالۆزی میللەتانی بیَ دەوڵەتە، بۆیە کات بەرِیَ کردن زیاتر ئەو کۆنکریتییەی سیادەی ولاتان دەچەسپیَ و لە قازانجی میللەتانی بیَ دەوڵەت نیە، لە رۆژ هەلاتی ناوەڕاست ئەو دۆخە ئالۆزتریشە بەتایبەت بۆکوردستانوەك لە ئاستەنگی دەوەم دەردەکەویَ .**

**ئاستەنگی دوەم**–**خودی نەخشەی سیاسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست کە لەسایکس پیکۆ سەرچاوەی گرتوە گەورەترین ئاستەنگە , هەرکورد زەرەر مەند نیە لەو نەخشەیە وەك لە کتێبی (حتميه التغير) زیانەکانی کۆکردۆتەوە : ( توندو تیژی وجەنگی بەردەوام – نەگونجانی جهانی عەرەبی لەگەل سەردەم – ناکۆکی ناوەکی – نەبوونی ئازادی – بەگژداچوونەوەی پیشکەوتن وخۆبەستنەوە بەدەسەلاتی خێلایەتی– تاکە ڕیگەی گۆڕان تیرۆر وئینقلاب بوە)**[20] **, تا ئەو ڕادە بارودۆخی عەرەب بە (سفر ) هەژمار کراوە**[21] **, سەرِای ئەوەش گۆڕانکاری زۆر قورسەهەتا لە پرۆژەکانی چاکسازی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیش**[22] **, لە پرۆژەی فرنسی وئەلمانی هاوبەش (لە**

---

[20] د احمد طحان-حتمية التغير فى الشرق الأوسط،دار المعرفة ط12006م،بيروت ص22-23

[21] د.الياس فرح- من قضايا الثورة والانسان العربي-المؤسسة العربية للدراسات والنشر 1977،ط1 ص29

[22] لە ل20ی ئەو تویژینەوەیە ئەو پرۆژانە زیاتر ڕوون کراوەتەوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەشی –مبادیو العمل )داکۆکی لە (هویە کل بلد ) کراوەتەوە، زیاتر لەوەش لە بەشی (اقتراحات الحل)جەختێکی توند لە بنەماکلاسیکیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوەودەڵێ :(عدم المس بالحدودو حمايتها )،وادیارە هێشتابەرژەوەندی ئەوان لەوپەرتەوازەیە (بەو دەقە سنورەی سایکس پیکۆ ) هەروەك ڕوون تر پەرلە مانتاری بەریتانی (کرۆسمان) دەڵێ بوونی بە هێزی ئێمەلە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە پە رتەوازەیی میللەتانی ناوچەکەیە[23] ..،ئەوپرۆژانە بەلای هەلوەشاندنەوەی سایکس پیکۆدا نەچووینە ،هەتا هەردوو پرۆژەی کۆمکاری عەرەبی و ئیخوانیش،بە تایبەت باسی (حفاۆ وحدە اراچی العراقیە )ی کردوە...،دەستکاری سنور زۆر سەختە ,ئاستەنگەکە لێرە سەرچاوە دەگریٚ کە دەولەتی کور دستانی دەبێتە هۆی دەستکاری کردنی کۆمەلێك سنوروبنەمای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست,لەوانە:**

1 . **سنوری چوار ولاٚتی گەورەی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست تێك بدات .**

2 . **بناماکانی سایکس پیکۆ، (عدم المس بالٓرپ الإستعماری ) وبنەماکانی ئایزنهاور ..کە بە نەگۆڕ هاتوە هەمو تێك دەدا , لە ئیستادا هەر وولاتانی ئیستعماری کۆن پاسەوانی دیزاینی سایکس پیکۆ نین بەلکو ئەو وولاتانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆشیان ئەو ڕۆلەی پاسەوانی دەبینن کە داکۆکی لە یەکپارچەی وولاتەکان دەکەن .**

3 . **ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دەستکاری دەکا کەلەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەو نەخشەودیزاینەی لەسایکس بیکۆ و بەلێنی بلفۆرەوە تاسیڤەرو لۆزان بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەراست لەو پێناوە هاتوە .**

4 . **تێك دانی ئەونەخشەیەی ولاٚتان کەدەقی پێوە گرتوەو چەندین ڕێکەوتنی ئیقلیمی ودەولی نوێی لەسەر بینا کراوە . ئەوهەمو بەرژەوەندیە گەورە ئابووری وسیاسیانەی لەسەر ئەو سەرخانە دروست بوە ...دەبێت هەموی تێك بدەی ,ئەوە ئاستەنگی هەرەگەورەو هەمیشەی بەردەم دەولەتی کوردستانە ,بۆیە هەندیٚ سەرکردەی کورد ڕوویان لەچارەسەری ترکردوە ,(عبداللە ئۆجەلان )پێشنیاری پێکهێنانی کۆنفیدرالی میلەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کردوە[24] , کاتی خۆشی لە سالانی 1897ی (تیۆدۆر هرتزل ) لەژێر دروشمی (پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی ڕژهەلاتی ناوەڕاستی تیایدا دەوڵەتی یەهود بەرجەستە بێت )[25] کاری لەسەر ئەو تیۆرە سیاسیە کردوەو سەرکەوتوو بوە .**

**ئاستەنگی سێیەم– ئالۆزی کێشەکە : هەر پەیوەستە بە ئاستەنگەکانی پیشوو ,کێشەی میللەتی کورد لە کێشەی میللەتانی تری ژێردەست ئاڵۆزترە، بەشی هەرەزۆری ئەو میللەتانەی وا ژێردەستن دوو ئاستەنگی ناوەکی و جیهانییان هەبووەو هەیە، کە بریتین لە:**

1– **داگیرکەرەکە خۆی.**

[23] فكرت عبدالفتاح-سياسة العراقية الخارجية فى المنطقة العربية –منشورات وزارة الثقافة والاعلام –دار الرشيد للنشر1981، ص248
[24] عبداللة ئوجلان –ازمة المدنية وحل الحضارة الديمقراطى فى الشرق الاوسط–مطبعة رنج 2011، ج4ص376 .
[25] سركيس ابوزيد: ايران والمشرق العربى (مواجهة ام تعاون) –مركز الحضارة التنمية الفكر الاسلامى –بيروت ،ط1 ص126 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب– بەشێك لەو یا ساو نەریتە نێودەوڵەتیەی کە کەمتر هاواری میللەتانی ژێردەست دەخوێنێتەوە، بەبیانۆی نەبوونی شەخسیەتی یاساییان.**

**بۆ دۆزی کوردئاستەنگێکی کوشندەی سەرباری تریشی هەیە، ئەویش بریتیە لە گرفتی ئیقلیمی، بەجۆرێك کوردستان لەدوای سایکس–بیکۆ 1916 بۆ لۆزان 1923 وا دابەش کراوە بەسەر ئەو وڵاتانە هەردەم هاوکاری یەکتر بکەن لەپێناو مانەوەی ئەو دابەشیە لە نێوان خۆیان،وەك ئێستا دەبینین چۆ ن کوردستانی رۆژئاڤا ڕابوە تورکیا هێزی هێناوە بۆ دژیان ,لەباشوری کوردستان(عیراق) ڕێفراندۆم کراوە وولاتی تر توند ترن لەعیراق , بۆیە یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی جیهان، چارەسەرییەکەی ئەوەندە ئاسان نییەو درێژەی کێشاوە .. جاروایە بۆرزگاربوون لەوئاستەنگە سەختە هەولدراوە لەژێر یەك داگیرکەر کۆببنەوە ,لەبەڵگەنامەی ئەمریکی . بروسکەی ژ :49بالوێزخانەی ئەمریکی لەبەغدا بۆوەزارەتی دەرەوە لە 1962/9/20 هاتوە:کە بارزانی پیشنیاری بۆ شای ئێران کردوە کوردستانی دیوی عێراقیش بە ئێران بلکێندرێ و سەرجەم کوردستانێکی یەکگرتووی خودموختار دروست بێت[26] .**

**ئاستەنگی چوارەم – دوای هەردوو جەنگ میللەتانێکی زۆری جیهانهەر بە ژێر دەستی مانەوە ، ئەوا نەش دووبەش بون:**

**ئەو میلەتانەی (وەك : جەزائیر، لیبیا، ئەنگۆلا، ڤیتنام، ....)کەوتنە ژێر دەستی ئیستعمار و وڵاتە زل هێزە گەورەکانی (وەك: بەریتانیاو فرنسا وئیتالیا وپرتغال و .. ) ئەوا بە هۆی گەشەی یاسایی ومەدەنی جیهان لەلایەك وخەباتی ئەو میلەتانە بە ئاسانی رزگاریان بووو ئێستا دەوڵەتن , بەشەکەی تر ئەو میلەتانەی کەوتنەژێر دەستی دەوڵەتی بچوکی دەڤەری، کێشەکەیان زۆر قورس بوو , ئەوانەش دووبەشن: أ. ئەو میلەتانەی تەنها کەوتنە سەر یەك حکومەت وەك (ئەریتریا، تەیمور، خوارووی سودانی ئێستا، ...) باشتر بوون, بە زاراوەی دەستوری سالانی 1945 ی یۆگوسلاڤی کۆن (نارود) و (نارودنۆست)یان پێووتراوە, (ناردۆ) میلەتە گەورەکەی دەسەلات وەك سرب لە یۆگوسلافیاو رو س لە یەکیتی سۆفیەت، تورك لە عوسمانی ,عەرەب لەعیراق ,ناردۆنیست نەتەوەکانی ترن وەك ئەلبان وبۆسنی لە یۆگوسلافیاو باقی نەتەوەکانی تر لە سۆفیەت وزۆر شوینی تر[27] . ب . ئەو میلەتانەی بە دابەشی کەوتنە سەر چەند حکومەتێك لە تەنیشت یەکتر ئەوا کێشەی ئەوانە زۆر ئالۆزو سەخت بوو، لەوانە (کوردستان، باسك، بەربەر، بلوش، ...), ئەوانە بە ڕاستەوخۆ (مافی چارەنوس)نایانگریتەوە , بەلکو لە فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان پێیان دەلێن (مافی جیابوونەوە یان حق الانفصال العلاجی Remedial Secession) ..زۆر هاندەری دەولی نیە ,نەتەوە یەکگرتوەکان(خطةالسلام–1995) یان دەرکرد لەمادەی 17 بەدواوە باس لە نەرێنی ئەوجیابوونەوانە دەکاو دەلێت (ئەگەر ئەو دەرگایە بکەینەوە**

---

[26]ـ کوردو کوردستان لە بەلگەنامەی ئەمریکی ل77 .

[27]معهد السلام الامريكي (حل النزاعات بين الاديان) –مركز التعليم والتدريب-2008 ص 99

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جیابوونەوە کۆتایی نایەت), لەکاتی ڕیفراندۆمی کیبیك ( لە کەنەدا )ی سالی 1995سەرۆکی ئەمریکا (کلینتۆن) بانگەوازی بۆکردن دەنگ بە نەخێر بدەن ,هۆیەکەشی ئاشکرا کرد کە جودابوونەوە پەتایەکە ئەگەری هەیە بگاتە ئەمریکا (ئەو ئاستەنگە دیوی یاسایشی هەیە لەوێ باس دەکرێت) .**

**ئاستەنگی شەشەم – پاساوی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب وەك گەلی عێراق (ئەگەر ڕاست بێت )،کەچی لەژێر ئەو دروشمانە ئەنفال وك یمیاوی وجینۆسایدکراوە ,بە جۆرێك بەهێزبوونی (ئاسایشی نەتەوەیی ) لایەکیان ڕێك گوزارشە لە لاوازبوونی ئاسایشی نەتەوەیی دوەم , بوونی ئەو ولاتە داگیرکەرانەو یەکپارچەییان (پیرۆزکردنی سنوریان) پارچەپارچەکردنی کوردستانە , زیاتر لەوەش دەبێتە هۆی لەدەست دانی مقەوە ماتی (یەکێتی میللەتی کورد ) لەڕووی فەرهەنگی و سیاسی و یاسایی ,برایانی عەرەبمان کاتێ باسی یەکخستنی ئومەی عەرەب دەکەن دەلێن سنوری نێوان وولاتانی عەرەبی دەستکردە،کاتێ باسی مافی کورد دەکرێ باسی یەکپارچەی خاکی عیراق و سوریادەکرێ واتە دژی دەستکارین، بۆنمو نە لە بەیانی یەکەمی شۆرشی 8ی ئاداری 1963 ی سوریاهاتوە (وکانت سوریا العربیه وشعبها لا یعترفون بحدود قگرهم وانه یعیشون دائماً وأبداً فی حدود الوگن العربی الکبیر)[28] .**

**ئاستەنگی حەفتەم– تا ئەو ساتەش دۆزی کورد نەگەیشتۆتە ئاستی** (قضایة شرق الاوسطیة )**, بۆیەش لە پرۆژەکانی چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەراست باس نەکراوە {پرۆژەکان: پرۆژەی ئیسرائیل** (شمعون ثيرس– الشرق الأوسط الجديد1993ز)– **پرۆژەی ئەوروپی بۆ چاکسازی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (کۆنگرەی برشلۆنە** 1995ز) – **پرۆژەی**( مبادرة الشراكة کۆلن ثاول –امريكا – 2002 ز) – **ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازە–ووتاری ج بۆشی کوڕ لە** 6/11/ 2003 – **پرۆژەی** (المبادرة الألمانية )2004ز – **پرۆژەی ( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکی لە** 2004ز ) – **ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی فراوان ئەلمانیا و فرنسا .** 2004 ز– **پرۆژەی جامیعەی عربی(دیکۆمینتی ئە سکەندەریە** 2004ز ) – **پرۆژەی ئیخوان المسلمین** 2004ز}**,وا نەهاتوە ئەوەی لە سایکس پیکۆ تێکی داوە لەو پرۆژانەچاککرابێتەوە (بەتایبەتی ئەمریکاکە لەبنەچەدا لە داڕشتنی سایکس پیکۆ لەگەل نەبوە )،بەلکو چاکسازیەکانیان لە چوارچێوەی دێزاینی سیاسی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوە را ستە,بە ڕای چاودێرانی بالا هێشتا ڕۆژئاوا لایەنگیری هێزە گۆڕانکاری و نوێخوازەکان نین**[29] **, زیاتر بەرجەستەی فەرهەنگی ڕۆژئاواییە سەبارەت بە ژیانی پراگماتیکی و هاوولاتی بوون نەك مافی چارەنوس**[30] **،تەنها باسی کێشەی فلستین کراوە , بەلام پێگەوچارەنوسی کورد بە ه یزە لە گەلالەکانی** (بريجنسكی

28 الموسوعة السياسية- النسخة الأصلية- نص البيان- ص 701 ملحق .
29 بريماكوف :الشرق الأوسط..المعلوم والمخفی ص142
30 بۆ ئەو جیاوازیە بڕوانە :1-الملف القانونی (حق تقرير المصير لشعب كورد ستان وفق القوانين الدولية )-ط1 منظمة ستاندر 2014 ، ص138 .
Amodern Dictionary Political Analiysis- geoffr Roberts -p66 - 2

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

،برناردلويس، ئاڵوف بن – فرانك جاكوبسن–باراجخانا–رالف بيترز..) ئەوانەش هيشتا نەگەيشتۆتە ئاستى پرۆژەو سياسەتى دەرەوەى ئەو وولاتانە .

**ئاستەنگى هەشتەم**–هەر نزيك لە ئاستەنگى حەفتەم نەبوونى پرۆژەيەكى كوردى چاكسازى بۆ رۆژهەلاتى ناوەڕاست , تيايداواى دەرخاوجارى بدا كە : هەلوەشانەوەى سايكس پيكۆو فۆرماتێكى ترى نەخشەى سياسى لەسەر بنچينەى (هەمووگەلێك چارەنوسى خۆى بەخۆى ديارى بكا )چارەسەرى كێشەكانى رۆژهەلاتى ناوەڕاستە، گێرانەوەى هاريكارى ميلەتانى ناوچەكەشە لەجياتى ململانێ , ئاسۆيەكى نوێش بۆ بزوتنەوەى رزگارى خوازى كوردستان دەكاتەوە ، لە دۆزێكى دەڤەرى وەرى دەچەرخێنى بۆ دۆزێكى گەورەى رۆژهەلاتى ناوەڕاست و هەتا جيهانيش .

**ئاستەنگى نۆيەم** –تا ئەو ساتە لائيحەيەك نيە تيايدا بنەماكانى ئاسايشى نەتەيى كوردستانى تيادا دارژرا بێت , ئەو بنەمايەى هەڵێنجراو بێت لە تێگەيشتنێكى قوولى بەرژەوەندى بالاى كوردستانى لە ناوەخۆى كوردستانى و عيراقى ورۆژهەلاتى ناوەڕاستى وجيهانى ,تا ڕوانگەوهەلوێست وكاروچا لاكى سياسى لەسەر بنيات بنرێت ,پێويست بە زانين وزانياريەكى هەمەلايەنيە تالەو ووردەكاريەى سەروو بگەين،دەست نيشانى جەمسەرەكانى ستراتيژى بكەين ئاخۆ كاميان لە قازانجى گەڕانەوەى ئەو مافەيە ،كاميانە ڕێگرە ،هيچ چارەمان نيە دەبى بەدەر لەو لايەنانەى سايكس بيكۆو ئەو پرۆژانەى چاكسازى رۆژهەلاتى ناوەراست بەدواى هێزێك بگەڕێين كە ديزاينى رۆژهەلاتى ناوەراستى لە ئێمە نزيكە , ئەو تێڕوانينە ستراتيژيە كەمتر لە حيساباتى سەركردە كوردەكان بەدى دەكرێت ,بۆيەش بەخيرايى ستراتيجيەت و هاوپەيمانانى ئيقليميان دەگۆڕێت , چەسپاو نين لەسەر گەلالەو هەلويست و ڕوانگەكانيان .

**ئاستەنگى دەيەم**–سەرنەكەوتنى ئەزمونى كوردستان :لە ماوەى 27 سالى حوكمڕانى هەرێمى كوردستان نەتوانرا نمونەيەكى جوان لەديموكراسى وشەفافيەت و مافەمەدەنيەكان و سەروەرى ياساو بە موئەسەساتى پيشكەشى جيهان بكرێت, رێگا لەهەموو ئەو دەروازانە بگرين كە بەهۆيەوە راپۆرتى نێودەولەتى خراپ لەسەر هەرێمى كوردستان دەردەچێت, بيناى دەولەت بەباشە نەكراوە , هەتا ئەو 3 مەرجەى لەمادەى (1)كۆنگرەى مۆنتيڤيديۆ هاتبوو بۆ (بە دەولەت بوون)[31] لە كوردستان هيشتا نەسازێنراوە لەكاتيكا ژێرخانيشى هەيە.

[31](The state as a person of international law should possess the following qualifications: a ) a permanent population; b ) a defined territory; c ) government; and d) capacity to enter into relations with the other states)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئاستەنگەكانی یاسای نێودەوڵەتی

1 - **ئاستەنگی یەكەم – كێشەی كوردستان وعیراق وەك كێشەیەكی ئیستعمارو موستەعمەرە (داگیركراو و داگیركەر)نەناساندراوە , یان هەتا بە بیانی (اجنبی) هەژمارنەكراوە , بە پرسێكی ناوەخۆیی هەژمار كراوە بە پێی یاساكانی نێودەولەتی , ئەویش بەربەستی سەروەری و ( دەست تێوەرنەدانی بۆ كاری ناوەخۆ )بوویتە رێگرو دیواری زیندانی بۆ ئەو میلەتانە لەهەموی خەستتر هەردوو مادەی (3–برگەی یەك ) و(2–برگەی حەوتی) میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان زۆر بەتوندی داكۆكی لە (دەست تێوەرنەدان لە كاری ناوەخۆی دەولەتان) دەكات , ئینجا كۆمەلێك بەلگەنامەو بریاری نێودەولەتی پالپشتی دەكا ,لەوانە:بڕیاڕی ژ:2625ئینجا بڕیا ڕی ژ : 2625(خولی25)ڕۆژی 24 /10/1970, لەبەرامبەردا لەهەندێ دۆخی دەگمەنی مرۆیی و چەوساندنەوەی زیادەڕەو كەمێك ڕێدراوە ئەو دەست تێوەردانە بكرێت وەك ئەوەی لە بڕیاڕی 688 هات بۆ كوردستان .**

**ئاستەنگی دووەم –بەگشتی كێشەی میلەتانی ژێر دەستە دووبەشە : یەكەمیانبۆئەوانەیپێیاندەوترێ (**اقاليم الاستعمارية**)– بە(بڕیاڕی ژ:1467** جمعيةالعامة **)ناسنامەی ئەو هەرێم ومیلەتانەی لە ژێر دەستی ئیستعمار دیاری كردوە ، لەمادەی( 73 و74) بەندی 13ی میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان وەسفی یاساییان بۆ كراوە، ئەوانەن كە لەلایەن ئیستعمارى كۆن داگیركراوە، كۆمەلێك بڕیاڕیشیان بۆ دەرچوە لەهەموان ڕوونتر بریاری 1514ی ئەنجومەنی ئاسایشە،چەندین بڕیاری تر دەیانگرێتەوە، كەبە (مافی چارەنوس)ناوزەددەكرێت.**

**دووەمیان بۆ ئەو میللەتانەی كە داگیركراون لەلایەن دەوڵەتێكی محەلی، وەك نێوانی ئەریتریاو ئەسیوپیا، خواروی سودان وسودان، تەیمورو ئەندۆنوسیا، كۆسوڤۆوسربیا، كشمیروهند، هەرچوار پارچەی كوردستان وولاتانی سەردەستەیان...زۆریتر.**

**ئەو دوو دۆسیەیە (یەكەم ودوەم) لە یاسای نێودەولەتی زۆر لێكجیایە، ئەوەی دووەم زیاتر كێشەكانی جیهانی نوێپ ێكدەهێنێ كەدۆزی كوردستانیش لەوێ خۆیدەبینێتەوە، زیاتر یاساناسانی نێودەولەتی ناویانناوە (حقالانفصال-**secession)**پێینالێن(حق تقرير المصير–مافی چارەنووس** Self Determination**)یان** (independence)**بەڵكو دەڵێن مافی جیابونەوە، ڕێڕەوی یاساییەكەی جیایە،بە بڕیاڕی یەكلایەنی جاڕدانی سەربەخۆیی یان ریفراندۆم ناكرێت , ئەوە لە دۆسیەی كۆسۆڤا زۆر جوان دەردەكەوێ, چوە دادگای لاهای**[32] **، دەقی وەلامەكەی:** (أن الانفصال من جانب واحد لايمكن أن يكون وسيلة مقبولة لتسوية المنازعات الإقليمية.الا في الحالات التي حددتها الجمعية في جلسة (120 ) لعام 2010)[33].

---

[32] بڕوانە:جەلسەی 120 بخولی 64یكۆمەلەیگشتیرۆژی 2010/9/9.

[33] A/64/L.65/Rev.1

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئاستەنگی سێیەم–** لە فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان بەهەمو عیراقیان دەووتریێت (گەلی عیراق), میلەتی کوردستان بە (گەل)تۆمارنەکراوە وەکلە مادەی (1)ی بریاری 688 بەڕوونی(بە دانیشتوان و هاوولاتی)هاتوە, ئەو کاتە ئەو برگە یاساییە نایگرێتەوە کەدەلێت (هەمو گەلێك مافی چارەنوسی بەدەستە خۆیەتی )کە لەمادەی (1)میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوە , هەروەها ڕێکەوتنی مۆنتیڤیدیۆی سالی 1933, میساقی ئەتلەسی سالی 1941,جاڕنامەی هلسنکی سالی 1975,هەردو پەیماننامەی دەولی سالی 1966,جاڕنامەی ڤیەنناى سالی 1993..زیاتر لەهەموان بۆ پرسی کوردستان جاڕنامەی مافی مرۆڤ[34] نایگرێتەوە .

**ئاستەنگی سێیەم–** بۆ میلەتانی بەشی یەکەم لە(ئاستەنگی دوەم) دان پیاداهێنانی دەولی نیمچە مسۆگەرە ,بە پێی ئەو بڕیاڕانەی: ژمارە 1514 خولی(15)لە14/دیسمبر/1960، بڕیاڕی ژ :2105 خولی (20) لە1965ز، بریاری ژ:2625 خولی 25 لە24/ئۆکتۆبەر/1970، بریاری ژ :3070 خولی28لە 1975، هەروەهابریاری 3314سالی 1974..., لە دیباجەی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت بۆ ئەو مەبەستە هاتوم, لە مادەی (1) و (55)یش زیاتر بەرجەستەی کردوە , بەلآم بۆ میللەتانی بەشی دووەم کە ژێر دەستەی دەوڵەتێکی (نا ئیستعمارین) پشتیوانی نێودەوڵەتی زۆر پێویستە , یان دەبێت تێکۆشینی هەمەلایەنە بکەی بۆ ئەوەی بتوانی لە (ماف جیابوونەوە) خۆت وەرچەرخێنی بۆ (ماف چارەنووس)، تاڕادەیەك کۆنگرەی ڤیەننا کە لە 14–1993/6/25 یارمەتیدەرەو بۆ یەکەم جارە ئاماژە بەمیلەتانی بەشی دوەمدەدا لەو پەرەگرافەی: ( للشعوب الخاضعة للسيطرة الاستعمارية أو غير ذلك من أشكال السيطرة الأجنبية أو الاحتلالالأ جنيي)[35] .

**ئاستەنگی چوارەم–** ناکۆکیەکی سەخت لە نێوان (مافی چارەنوس ) و ناسینی (دەولەتی خاوەن سەروەری) هەیە , بۆیەش جاروایە ئەو ڕەخنەیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەگیرێت ودەلێن نەتەوە یەکگرتوەکان نیە بەلکو دەولەتە یەکگرتوەکانە , لەکاتێکا لە برگەی (2)ی مادەی (1)ی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان دان بەمافی چارەنوس دەنێت بۆ هەمو میلەتێك ,کەچی لە برگەی (7)ی هەمان مادە ودوایش لە (برگەی 1)ی مادەی (3) هەمان میساق هاتوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان دەولەتان دەناسیٚ نەك میلەتان , بەو شێوەیە میلەتی بێدەولەت ناتوانیٚ ببتە ئەندام کە لە مەرجەکانی ئەندامیەتی لە بەشی دووی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ولەمادەکانی (3–6) هاتوە ,هەروەها بەپێی مادەی 60ی( النظام الداخلي المؤقت لمجلس الأمن ) هاتوە , ناچار ملی شۆڕشو ڕاپەڕین وبەرگری دەگرێتە بەر , ئەو ئاستەنگە بە ڕوونی لە میساقی (کۆمەلەی گەلان– عصبە الامم)یش بەدی دەکرا

---

[34] - جاڕنامەی مافی مرۆڤیش لە 30 مادە پێك هاتوە، بەپێی بریاری 217 لقی (أ) (خولی-3) لە 10 /دیسمبر/ 1948ئەو جاڕنامەیە لەلایەن نەتەوەیەکگرتەوەکان گەواهی کرا.

[35] بەپێیبەلگەنامەی (S/96/Rev.7) زمانی عەرەبیشبەدەقهەژمارەدەکرێلەنەتەوەیەکگرتوەکان .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**,کاتێ کۆمەڵێك کەسایەتی وسەرکردەی کورد یاداشتیکی (داوای سەربەخۆییان )پێدان دەقی وەلامی (کۆمەلەی گەلان)لە 1925/12/16 ئەوەبوو:** .(..ولما لم يكن لهذا الطلب من مستند في أعمال مجلس العصبة..الخ)[36] .

**ئاستەنگی پینجەم–هەر پالپشت بە (ئاستەنگی ژ:4) پەیوەندی کوردستان و عێراق وەك ئیستعمار پێناس نەکراوە، تاکوردستان وەك (موستەعمەرە) بڕیارەکانی (UN) بیگرێتەوە, لەوانە: بڕیاڕی ژ: 2105 سالی 1965،بڕیاڕی ژ:1654 خولی 59, هەروەها مادەی 74 لە** (النظام الداخلی للمجلس الاقتصادی والاجتماعی)..

**ئاستەنگی شەشەم – لەکۆی ئەو ئاستەنگانە ئاستەنگێکی زۆر سەخت قووت دەبێتەوە بەتایبەتی لەو سەردەمەی عەولەمە ,ئەویش بریتیە لە بەرەی دیپلۆماسی میلەتانی بێدەولەت , بە پێی کۆنگرەی ڤیەنای 1961 تەنها دان بە دیپلۆماسیەتی دەولەتان دەنرێ ,باقیەکەی تر (حصانە وامتیاز)ی نیە کەبەپێی م ادەکانی 21و22 و24 دیاریکراوە[37] ،بەو شێوەیە ئەو جۆرە میلەتانە وبەتایبەتی کورد پەیوەندیە دەرەوەکانی دەکەوێتە سەر ڕەحمی دەولەتانی داگیرکەری ,ئەوەش وای کردوە جەوهەری دۆزی کورد وەك خۆی نەگاتە جیهان وزۆربەی جار بە تێکدەر و دژەیاساو دژە مەدەنی و ..پیشان دراون , هاوارو ستەمەکانیان بە پیلانی ئیمپریالیزم پۆلین کراوە ,سەرنج بدە لە(موسوعە السیاسیە) هاتوە:**(في مجتمعات متخلفة والتابعة فأن امبريالية حاولت بأستمرار تطبيق مبدأ فرق تسد وذلك من خلال تحريض الاقليات ضد الاكثرية)[38] .

**بەهۆی ئەوئاستەنگە قوڕسانەلەسەر ئاستی ناوەکی و ئیقلیمی وجیهانی وەسفی پرۆسەی بەدەولەت بوونی کوردستان بە نەشتەرگەری دلْ هاتوە ,کەواتە پزیشکی زۆر شارەزاو کات وساتی ووردی دەوێ بۆ ئەو نەشتەرگەریە ,شارەزای ووردی سروشتی ململانێی بەرژەوەندیەکان بێت , لە پۆلین کردنی پرۆژەو وگەلالەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست, لەدارِشتنی ستراتیجیەك بۆ کوردستان , تا ئەو ساتە کورد پرۆژەیەکی تایبەت بەخۆی نیە بۆ چاکسازی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ...لەگەل زۆر تەوەری ستراتیجی تر ,لەوەوە دەچینە بەشی سێیەم بۆ دیاری کردنی ئەو کات وسات و نەخشە ڕێگەیەك بۆ دەربازو بینای دەولەتی کوردستانی .**

---

[36] دەقی وەلامەکەی (عصبة الامم) لە : د حامدمحمودعیسی –المشكلة الكردية فی الشرق الاوسط- مكتبة المدبولی 1992 القاهرة, ص457.

37پیکهاتوە لە 71 مادەو بە پیی بڕیاڕی ژ:1658ی خولی 7 نەتەوە یەکگرتوەکان تەبەنی کرا.

38د.عبداو هاب الكيالي - موسوعة السياسية ج1 ص340 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی سێیەم

## نەخشە ڕێگەی بەدەوڵەت بوون

**بۆ ئەوەی زۆر ترین پالپشتی نێو دەولەتی پەیدابکەی و ئاستەنگەکانی بە دەولەت بوون سانا بکەی پێویستە لەسەرەتادا پاساوەکانی (بەدەولەت بوونی کوردستان)بە هێز بێت ....**

### پاساوەکانی بەدەوڵەت بوون

**سەرەڕای ئەو پاساوە یاسایی و سیاسی ومیژوویی و جوگرافی و ..کەلەسەروو باس کرا بۆ بەدەولەت بوون ,لەپیش دابەشی کوردستان , ئیستا کۆمەلێك پاساوی تر دروست بوون لەدوای لکاندنی کوردستان بەو دەولەتانەوڕەفتاریان لەگەل کورد , وەك پێناسی گشتی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان و پاساوی بەدە ولەت بوون بۆ جیهانی ئیسلامی ئەودروشمەی شیخ سعیدی پیرانی سالی** 1925**ە کە دەلیٚ :یان گیڕانەوەی خیلافەت و هەلوەشاندنەوەی دەولەتانی تورکیاو عیراق و سوریا یان بۆکوردستانیش دەولّەت ,[39] لەجیاتی بەدیالۆگ وەلامی بدەنەوە لەسێدارەیان دا , ئەو مەرجانەی لکاندنی کوردستان بەو دەولەتانەو کۆی بەلێن و دوایش ڕەفتارەکانیان کۆمەلێك پاساوی نویٚ پێکدەهێنیٚ ,بەکورتی ئەوانەن:**

1 **–ئەو بەلێن و مەرجانەی لەگەل لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە درا زۆربەی جێبەجیٚ نەکرا ,لەوانە: ڕاسپاردەکانی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی ویلایەتی موسڵەوە لە بەشی** (الاستنتاجات الجغرافية) **برگەی د– الاستناتاجات العرقية) واهاتوە** : ((اذا اعتبرت الحجة العنصرية عاملا حاسما في مشكلة الموصل، فيجب ايجاد دولة كوردية مستقلة فيها، لأن الكورد يشكلون سبعة أثمان السكان .))[40],**هەروەها بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە** (1925/12/16)... **,ئینجامادەی** 16**ی ئینتداب, یاسای دروشمی عیراقی ژ:**25**ی سالی** 1931(**بەتایبەتی مادەی یەك**)..,**تا دەگاتە ئەو بەلێننامانەی عیراق دای بە کۆمەلەی گەلان لە سالی** 1932 **بۆ بە ئەندام بوونی عیراق لەو کۆمەلە ،بەتایبەتی بەلیننامەی ژ** (9 و10)[41],**لەکۆتاییدا بەبێڕەزامەندی کورد بە تۆبزی بە عیراق لکێندرا**[42] **بە پێی نوسراوی ژ:** 4\3330 **ڕۆژی** 1921/2/22 **برسی کۆکس بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق , بەو مەرجانەی مانەوەی عیراق** 25 **سال لە ژێر ئینتداب**[43] , **پەرلەمانی عیراقیش لە** 31**ی ئابی** 1925 **قایل بوو بەو مەرجە** 25

---

[39] بۆ ئەو دەقەی شیخ سعید بڕوانە : مسعودعبدالخالق –مەوسوعەی جودی ,تفسیر چ1 2016ز, ب2 ل579 .

[40] تقرير لجنة عصبة الامم حول ولاية الموصل – قسم الأستناجات ص154.

[41] دەقی ئەو تەعەهوداتانە لە: (الملف القانونی - حق تقريرالمصير لشعب كوردستان ص76-79 ).

[42] تأريخ الوزارات ج1 ص36 .

[43] ولاية موصل (تقرير لجنة عصبة الامم الخاصة بحل النزاع التركی –البريطانی حول ولاية الموصل ) مراجعة وتحقيق: غبدالرزاق محمودالقيسی ص227 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ساليه[44] ,لەوەش زياتر لەدواى دروست بوونى دەولەتى عيراقى ديسان پابەند نەبوون بەو مادە دەستوريانەى كەپەيوەست بوون بە شەريك بوون لەفەرمانڕەوايەتيدا, لەوانە: أ – مادەى(5)ىياساى بنەڕەتيى عێراقى ساڵى 1925. ب- ياساى ئالأى عێراقى ساڵى 1931.ج- مادەى (3)ى دەستوورى ساڵى 1958 د- مادەى (5)ى دەستورى 1970 ,ئينجا پابەنديش نەبوون بەبەياننامەو رێككەوتننامە كوردى – عێراقييەكان, لەوانە: أ- برِيارى ئەنجومەنى وەزيرانى رۆژى ١١/8/١٩٢3ب- راگەيەنراوى شوباتى١٩٦٤ – بەيانى ٢٩/حوزەيرانى ١٩٦٦/ ج- بەياننامەى ساڵى 1964. د- بەياننامەى 29 حوزەيرانى ساڵى 1966.خ- رێككەوتننامەى ئادارى ساڵى 1970....,گەيشتە ئەو ڕادەيەى ياساى ئەنجومەنى نيشتمانيى سەركردايەتى شۆرش ژمارە(25)ساڵى 1963 كە لە (20) ماددە پێكدێت , تيايدا شەراكەتى كوردوعەرەبيى بە يەكجارى هەڵوەشاندۆتەوە.**

2 **-گەشەو نەشونماى كوردستان و تاكى كورد لە ڕووى فەرهەنگى وشارستانى و مرۆيى وزۆر لاى تر سست كرا، نەخشەى كوردستانيش بەرەبەرە بچوك دەبۆوە، ناتوانێى وەك گەل پەيوەندى خۆى لەگەڵ گەلانى تر گوزارش بكا بە پێى ئايەتى (.. وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفو ا)[45]،جاران پێگەى كورد بەهێزبوو ,لە بەڵگەنامەى بەريتانى دووپاتى ڕايەكەى زەردەشت كراوەتەوە كە ووتويەتى ( حكم الكرد وحرية العالم )[46]،جاران ميلەتى كورد بە (قورەيش العجم) ناوزەد دەكرا دواى ئەو پرۆسە بە(يتاما المسلمين )ناوزەد دەكرێ .**

3 **-لە وولاتانى ئەوروپا وجيهانى مەدەنيەت وا ڕێكەوتوە چەند پيكهاتەو نەتەوەيەك لەيەك دەولەت بووينە، بەهۆى ئەوەى دەسەلاتەكە هەولى ئەوەى نەداوە نەتەوە بچوكەكە لەناو گەورەكە بتوێنيتەوە , بەلكو هەوليداوە هەمويان لە دەولەت بتوێنيتەوەو سيستەمى هاولاتيبوونى ليبەرپا بكا ،لەوێ كێشەى نەتەوەيى وكەمايەتى كز بۆوە ،كەچى وولاتانى وەك عيراق وتوركيا هەوليان داوە كورد لە نێو عەرەب وتورك بتوێننەوە نەك هەموى لە نێودەولەت, پەراوێزخستنى كورد و تواندنەوەى بەدەستوريانە لە ڕێى تۆماركردنى دەستەواژەى (والشعب العراقي جزء من الأم ة العربية )كەلە مادەى(1)ى دەستورى 1958 بۆيەكەم جار هاتوە ,ئينجا لە مادەى (1)ى دەستورى 1964مادەى(1)ى دەستورى 1968,لەدەستورى سوريا 59جار ووشەى عەرەبى لێهاتوە بۆ يەك جاريش ناوى كوردى تيا نەهاتوە[47] ,بەهەمان شێوەلە مادەى (66)ى دەستورى توركياى بە ئەدريسى (تورك فەتەنلەر)وادەليت هەرچى لە توركيا بێت توركە[48] ,بۆيە بەرگرى كورد زياتر لە (بوون)بوە نەك مافى چارەنوس .**

---

[44] سعد سلوم – السياسات والاثنيات فى العراق (منذ الحكم العثمانى حتى الوقت الراهن) ص221 . هەروەها رفيق عقراوى –العلاقات السياسية بين البريطانيا والعراق ص5 .

[45] القران الكريم- الحجرات:اية 13.

[46] بەلگەنامەى بريتانى: .File No .13/14 vol.v11. secret. Kurdish policy- New Delhi .Lndiaوزارة الداخلية- 16شباط/1930 مذكرة سري ، رقم 646 \سي.

[47] خۆم ئەو ئامارەم دەرهێناوە لە دەستورى سالى 1973.

[48] بڕوانە: siyasi rehber بەشى ana yasaدەقى دەستورى هەمووارکراو بە بڕیارى ژ:2709ى 7-11-1982 لە ل3 ەوە تۆمارکردوە .

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4 – **سنوری باشوری كوردستان پێش لكاندنی بە عیراق زۆر گەورە بوو دەكەوتە رۆژئاوای فورات (وەك لەمادەی 62سیڤەر هاتبوو)**[49] **,كەچی دوای لكاندنی بە عیراق سنوری هەر تەسك دەبۆوە بەهۆی تەعریب وپاكتاوی رەگەزی , كە لەئاستی سەرۆك كۆماری پیادە دەكرا وەك بریارەكانی ژمارە (33) ی بەرواری 1976/1/25 هەروەها بریاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش ژمارە (199) لە (2001/9/6) , عیراق خۆشی چەندین جار دانی بەو پرۆسەیە هێناوە ,لەوانە: ماددەی (8)ی رێككەوتنامەی 11 ئاداری ساڵی 1970 , هەروەها لە برگەی (ب) ی ماددەی (58) یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەت بۆقۆناغی راگوازراوەیی ساڵی (2004), ئینجا ماددی (140) لەدەستوری عێراقی ساڵی (2005), لێژنەیەكیش پیكهات بەپێی نوسراوی ژمارە (م ر ن /48/ 1373) لە (2006/8/9). ئەوكارە هەمیشەییانەی عیراق گەیشتە ئاستی ئیدانەی نێودەوڵەتیی :بریاری ئیدانەكردنی عێراق دەرچوو (لەكاتی داگیری كوەیت ) لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بەژمارە (677) لە(1990/11/28).**

5 – **جینۆسایدو كیمیاوی وئەنفال ...پێكەوە نەژیان , لەو رۆژەی كوردستان بە عیراق لكیندراوە خۆشی لە خۆی نەبینیوە ،لەساڵی 1963 بریاری قركردنی كوردبەفەرمی دەرچوو، بەیارمەتی هەندێ وولاتانی عەرەبی یەپێ مادەی(2)ی** (معاهدة الدفاع المشترك بين دول الجامعة العربية ) **لەوێشەوە بۆ هاو پەیمانیەكی سەربازی نێوان سوریا وعێراق كە لە 1963/10/8بەسترا بوو**[50] **,وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت (ئەندرێ گرۆمیكۆ )لە 1963/7/4 سكالانامەیەكی بۆ نەتەوە یەكگرتوەكان بەرزكردەوە بەدۆسیەی** ( رقم 9E/3809تموز 1963الجلسة 36، المادة رقم1 في جدول الأعمال)[51] .

**دوای عیراق خۆشی بە فەرمییلەدانیشتنی نۆیەمی پەرلەمانی عێراق لە (2008/4/14)دا دانی بەجینۆساید هێنا دژ بەكورد , ، سەرۆكایەتی كۆماری عێراقیش ئەو بریارەی پەسەند كرد بەبریاری ژمارە (26)ی (2008) ،ئەوەش دەكەوێتە دۆسیەی جینۆسایدوبریارەكانی** : (إذ تري ان الجمعية العامة للامم المتحدة، بقرارها رقم: ٩٦ (د – ١)المؤرخفي١١ كانونالاول / ديسمبر١٩٤٦،قد اعلنت ان الإبادة الجماعية جريمة بمقتضي القانون الدولي، تتعارض مع روح الامم المتحدة واهدافها ويدينها العالم المتمدن) .

6 – **ئەو وولاتانە ئامادە بوون هەمو سازشێك لەگەل بێگانە بكەن تەنها كورد مافی سەرەتایی نەبێ ،عیراق لە ساڵی 1975 كۆمەلێك خاك و ئاوی بە ئیران دا بە پێی رێكەوتنیجەزائری 1975 ،نیوەی ئاوی شەتتی بە ئیراندا**

---

[49] دەقی مادەكە لە :سەلام ناوخۆش-مسعودعبدالخالق : بەندەكانی كۆنگرەی سیڤەرو خویندنەوەیەكی تر – چاپخانەی منارە ,هەولیر چ3 ل107

[50] ميثاق الوحدة العسكرية بين سوريا والعراق بغداد - دمشق 1963/10/8.... المادة 2: تشكيل مجلس دفاع اعلى مؤلف من القائد العام للقوات المسلحة للجيش الموحد، وثلاثة أعضاء من كل قطر يعينهم المجلس الوطني لقيادة الثورة . دەقی ئەو رێكەوتنە لە پاشكۆی ژ :3 لە كۆتایی كتیبی (رۆلی عەلمانیەت لە دروست بوونی مەینەتی كورد) بخوێنەوە .

[51] لە بەلگەنامەیەكی بەریتانی ( رقم 9E/3809تموز 1963الجلسة 36، المادة رقم1 في جدول الأعمال.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەپێی هیلیتالۆگ (مادەی دوەمی ڕێكەوتنەكە) ،بۆ ئەوەی بزوتنەوەی كورد لاواز بكا، واتە هەردەم كوردستانی بەبەشێك لە وولات هەژمار نەكردوە .**

**نەخشە ڕێگەی بەدەوڵەت بوون**

**ڕوون بوونەوەی ئاستەنگەكانی بەدەولەت بوون وپاساوەكانی ڕێنوێنیەكی وورد دەدات بۆنەخشەڕێگەیەكی یاسایی و سیاسی بۆ (بەدەولەت بوونی كوردستان) , لەو سەردەمە بەدەوڵەت بوون بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی یان بەپێ ی سیاسەی دەولیە یان بەهەردووكیان پێكەوەیە وەك بۆكوردستان وایە , هەریەكەیان بەجیا باس دەكەین :**

**<u>یاسای دەولی</u>**

1 **بە پێی یاسایی دەولی عێراق وەك داگیر كەرو بیانی بناسێنیت ,كوردستانیش وەك داگیركراو لەلایەن بیانی , شەرمنەكاتكەخۆیبە (مستەعمەرە) بناسێنێت و دەوڵەتی عێراق بە (ئیستیعمار) پرۆسەكەش بە داگیركاری بەپێی بڕیاڕی ژ:2625ی خولی 25ی 24/ئوكتوبەر/1970... ئەوەیان دووڕیانی یاساییە بۆ چارەسەری زۆر كێشەو پێناس .**

2 **میللەتی كوردبە (شعب)ێكی جیا لە عەرەب لە فەرهەنگی نەتەوە یەكگرتوەكان تۆمار بكات، چیتر نەوترێت** (سكان الاكراد)**، وەك لەمادەی (1)ی بریاری 688 هاتوە، لەكاتێكا میللەتی فەلەستین وسەحرای رۆژئاوا بە (شعب) ناودەبرێن لە نەتەوە یەكگوتوەكان, مافی یاسایی (هاوڵاتی) (سكان– دانیشتوان) (گەل – شعب) زۆر لە یەكتر جیایە، كە بوە (گەل) ئەوا بەپێی مادەی(1)ی كۆنگرەی مۆتیڤیدیۆی 1933 بوون بەدەوڵەت دەیگرێتەوەو بە ئاسانی دەچێتە مادەی(1)میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان و هەمو ئەو بریارانەی بەهۆیەوە دەرچوە، واتە كە دەڵێین مافی چارەنووس پێوەری یاسایی هەیە چجۆرە میللەتێك دەگرێتەوە، نەك هەموو ...ئەوانە هەمو لە پێشنو نەكراون .**

3 **بۆ ئەوەی دۆسیەی هەبێت لەنەتەوە یەكگرتوەكان ناوی كوردستان لە هۆبەی** (الحركة الوطنية ) **تۆمار بكرێت بەپێی مادەی (74)ی** (نظام الداخلي للمجلس الاقتصادي والاجتماعي) **ئینجابڕیاڕی (1654) سالی 1961 لەخولی ژ: 16ید:59 ,تاڕادەی بەشداری لە (نەتەوەیەكگرتوەكان) ئەندام بیت بەسیفەتی چاودێر , تا ئیستا نەكراوە ئینجا خەبات وشۆڕش بەیاسایی دەولی بكرێت بە پێی بڕیاڕی ژ:3314ی سالی 1974 .**

4 **ئەو دەولەتانەی لە یەك ڕەگەزی و مەركەزیانە پێك هاتوون پێیان دەڵێن دەولەتی سادە** etat-simple: **,هەندێ دەولەتی تر هەیە لە فرە پێكهاتەی وا پیكهاتوون كەسیان لە نیوە زیاتر نیە ,وەك لبنان و ئیمارات (پێشوتر قوبرس و جیكۆو سلۆڤاكیا)، ئەوانە پێیان دەووترێت دەولەتی پیكهاتەو (مركبە–etat-compos), عیراقیش یەك**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لەو دەولەتانەیە نەك سادە ,دەبوایە هەر لەسەرەتای د روست کردنی ناوی** (مملكه العراق المتحده) **بوایە , یان وەك ناوی چیكۆسلۆڤاكیا ناوی ئەو وولاتەش ببوایە (کوردستان و عیراق),وەك معمر قەزافی لە کتێبێك بەناوی** (کتاب الابیض) **هەمان چارەسەری پیشنیار کردوە بۆ دەولەتێکی هاوبەشی ئیسرائیلی وفەلەستینی , ناویشی لەو وولاتە نا (ئیسراستین)**[52]**,هەرواش دەبێت هەلس وکەوتی لەسەر بکرێت :نەخشەی کۆمەڵایەتی عیراق** (55٪**شیعە و** 22٪**کورد و** 22٪**سونە**3٪**کەمایەتی**[53] **, دەبیٚ تێبینی بکرێت لەو** 55٪**ی شیعە کوردیشی تیایە بۆیە خودی ڕێژەکە جارێکی تر ڕێژەییە .**

5 –**کارکردن لەسەر ڕێکەوتنە نێودەولەتیەکان وبڕ یارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی** (**وقایە– جینۆساید– پێشێلێکی زۆری ماڤ مرۆڤ**...)**کە دەبێتە هۆی بەرپاکردنی دۆخێکی قانونی بتوانرێت بە یەکلایەنی ریفراندۆم بکریت**، (الجمعية العامة للامم المتحدة في 24 اكتوبر 1970 (القرار 2625 الدورة 25) شرطاًوقائياً Safeguard Clauseأوشرط استثناءSaving Clause كە بوويتة بناغةى (حق انفصال علاجي Remedial Secession), **بۆریفراندۆمیشلەبڕگەی** (ب)**ی مادەی** 76**ی** (**بەندی** 13) **هەمان میساق هاتوە، بەڕاستەوخۆتر لە** (**بنەمای** 7)**ی بڕیاڕی نەتەوە یەکگرتوەکانی ژ:**1467 **خولی :**14 **یسالی** 1959 **هاتوە**،..**ئەوانە هەمووی زۆر ساناتر بوو لەو کاتەی عیراق لە بەندی** (7)**بوو .**

6 –**لەدوای ئەو هەنگاوانە و ئەگەر ئەوەی لەخالی** (5)**هاتوە نەکرا ,ئەوا بەهەولێکی کەم دەتوانریٚ مەلەفە یاساییەکەی کوردستان لە (ماڤ جیابونەوە) وەرچەرخێنێت بۆ (ماڤ چارەنووس) , هەنگاوی یاسایی بۆ وەرچەرخاندنی (ماڤ جیابوونەوە) بۆ (ماڤ چارەنوس) بریتیە لەدروستکردنی مەلەفێکی قانونی (کە لە** :الملف القانوني لحق تقرير مصير كوردستان وفق قوانين الدولية ) **دەزگای ستاندەر پێی هەلساوە , بۆ ئەو وەرچەرخاندنە سود لە ڕێکەوتنی نێوان (دەولەتی سودان و جنوب سودان) –پرۆتۆکۆل مشاکۆس بکەن کەتیایدا دانبە ماڤ چارەنوس نرا بۆ ریفراندۆمێك، ئیت ردۆسیەکە لە (ماڤ جیابوونەوە وەرچەرخا بۆ ماڤ چارەنوس) و لە دەستوری سودان مادەی** (219 **و** 222) **تۆمارکرا, هەروەها ڕەچاوی ئەو مەرجانەی سەربەخۆی کۆسۆڤا لەلایەن (دادگای لاهای) بکرێت دەقەکەی:** (أن الانفصال من جانب واحد لايمكن أن يكون وسيلة مقبولة لتسوية المنازعات الإقليمية .الافي الحالات التي حددتهاالجمعية في جلسة (120 ) لعام 2010)[54]**,دیسان ئەو کارانە ئاسانتر بوو لەو سەردەمەی عێراق لە ژێر بەندی** (7) **بو(عیراق بە بڕیاڕی ژ:**2017 **ی ئەنجومەنی ئاسایشی لێیدەرچوو)**،

---

[52] مسعودعبدالخالق –مەوسوعەی جودی ,تفسیر چ1- ب2 ل245 .

[53] ـ لە زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکان ئەگەر باسی سونەو کوردکرابیٚ ئەوە ووتویەتی کورد زیاتر بوە ، بۆ ئەو مەبەستە با بەلگەنامەیەکی بریتانی بەکار بهێنین چونکە لای سونیشیان گرتوە:

CO 730/ 161/2سكان كردستان: ينكر الكرد بكونهم اقلية في العراق لأن عدد السنة العرب ليس اكثر من الكرد ولكن اعتبارهم مع الشيعة فقط كعرب يعطي لهم الاكثرية. واذا اجريت احصاء دقيق ولم يحسب الكرد ضمن عرب السنة يكون عدد الكرد والعرب متساويا .فمثلا تم تجاهل عدد الكرد في لواء ديالى ذات الاغلبية الكردية والاقضية الكردية في كوت في الاحصاءات السابقة.

[54] A/64/L.65/Rev.1

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێستا زۆ رزەحمەتە چونكە سیادەی عێراق گەڕایەوە بەسەر هەموو خاكی عیراق، بە هەرێمی كوردستانیشەوە, بەپێی یاسای نێودەولەتی هەر بریارێكی دەسەلاتی كوردی بۆ سەربەخۆیی پێی دەلێن یەكلایەنی ئەگەر بە ڕێكەوتن نەبێت لەگەل عیراق .

7 – بە كورتی لەو دەمەڕێیە یاسای یەنێو دەولەتیەكان لە پێش هەرێمی كوردستان سەبارەت بەماف چارەنوس(یان ماف جیابوونەوە ) ئەوانەیە:(ا– ڕێپیدانی نەتەوە یەككگرتوەكان ..ئەوەش ئەو كاتە نزیكتر بوو كە عیراق لە بەندی (7) بوو. ب– ڕێكەوتنی كوردستانی و عیراقی ج– ئەگەر عیراق خۆی دابەشبوو), یان دیزاینی سایكس پیكۆ بەتەواوی تێك چێت و جۆرە نەخشەیەكی تر پیادە بكرێت ..ئەوەش زیاتر پەیوەستە بەسیاسەی دەولی .

### سیاسەی دەولی

تاڕادەیەك یاسای دەولی دیارونەگۆڕە ,هەرچی سیاسەی دەولیەچەسپاو نیە ,دەگۆڕێت بە پێی گۆڕانی بەرژەوەندیە بالاكان ,لەم دەموو دەستە دەتوانین بلێین مەبادیئەكانی سیاسەی دەولی بۆدیاری كردنی مافی چارەنوسی گەلی كوردستان لەو هەنگاوانە خۆی دەنوێنیٚ:

### یەكەم – لەسەر ئاستی ناوەوەی كوردستان

1 – دروست كردنی نمونەیەكی جوان لە دەسەڵاتی كوردی لە سەروەری یاسا و پیادەی دەستورو پڕۆسەی دیموكراسی، هەڵبژاردنی ئازادو ڕاستەقینەو دەست گۆڕی دەسەڵات، پاكی تۆمارگای مافەكانی (مرۆڤ و ئافرەت و ڕۆژنامە نوسی)، پێكەوە ژیانی لەگەڵ كەمایەتیەكان.

2 – پاراستنی سنورەكانی نیودەوڵەتی لەگەڵ دەوروبەر، وەك كیانێك نەبێتە هەڕەشە بۆسەر دەوروبەر كە لە میساقی نەتەوە یەككگرتوەكانی (بەندی حەوت )ی بۆ تەرخانكراوە وەك سزاو (مقاصدەكانی نەتەوە یەككگرتوەكانیش) لەسەر بنیات نراوە– كە لەمادەی 39 را دەست پیٚ دەكا تامادەی 51، هەروەك عیراق پیٚ سڕادرا لەدوای بریاری 661 ی 1990).

3 – بتوانیٚ (مقوماتی) ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و تعلیمی و كۆمەلأیەتی و ...بسازانی بۆ دەوڵەت، لەدوای سەربەخۆ بوونی نەبێتە بار قورسی بۆ (كۆمەڵگای نێو دەوڵەتی) لە برسیایەتی و هەژاری و پیس كردنی ژینگە و پیٚ شێلی یاساو ڕێكەوتنە نێو دەوڵەتیەكان.

4 – لەسەر ئەو بنچینانە بتوانی بەرژەوەندی تەوەرو بارستە نێو دەوڵەتیەكان لەگەڵ بەدەوڵەت بوون هاوتەریب بكەی, یان بەلای كەم دژواری نەبێت .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5 – بتوانێ لەکاتی بەرز کردنەوەی ئە و داوایە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش کارت لەسەر ئەندامانی کاتی وهەمیشەیی کردبێت کە پشتیوانیت بکەن.

**دووەم – لەسەر ئاستی ناوەوەی عێراقی**

1 – عیراق چەندین نەخشەی کۆمەلایەتی ونەتەوەیی ومەزهەبی وچینایەتی لەخۆ دەگرێ, خراترینیان بۆکوردستان نەخشەی رەگەزی ونەتەوەیاتی بوو(٪22کورد–٪75عەرەب – ٪3کەمایەتی) کە عیراقی پێدامەزراوکوردلەو هاوکیشە خنکا بوو , هەرچی نەخشەی کۆمەلایەتی نوێی عیراقە لەدوای 2003 هاتۆتە کایەوە نەخشەی مەزهەبی و رەگەزی و نەتەوەییە (وەك لەسەروو باسیکی کرا) , ئەوە نەخشەی ڕاستەقینەی خۆیتی , کورد لەو هاوکیشە نەخشەیە بوونی خۆی سەلماندەوە .

2 – داننان بەو نەخشەیەو کارکردن بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم، ئەوە دەروازەییە کەم وکۆتایی ئەو هەنگاوەیە، دۆزینەوەی هەمو ئەو دۆسیانەی دا کۆکی لەو 3 هەریمیەی عیراق دەکەن , وەك: ( ل23) ئەو تویژینەوە هاتوە, هەر بەوەش کەرکوك وناوچە دابڕێنراوەکان .دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

3 – بەرجەستەکردنی ئەو زانیاریانەی لەسەروو هاتوون ( لە نەخشە کۆمەلایەتیە نوێیەکەو پرسی دەولەتی پێکهاتە) زەمینەی سیاسی ویاسایی وکۆمەلایەتی وئیداری (سیستەمی سازان– التوافقي یان شەراکە ) دەدا لە عیراق, وەك نمونەی چیکۆسلۆڤاکیا کەنزیك ترینیانە لە ئەزمونی عێراق ,ئەوەش لەدوای 2003ەوە دانی پیا هێنراوە , لە سەری دەسەلات کەمێکی لێ جێبەجێکراوە لەوەی (سەرۆك کۆمار کورد– سەرۆك وەزیران شیعە –سەرۆکی پەرلەمان سونە )بەلام ئەو سیستەمە شۆڕنەکرایتەوە خوارەوە ,چونکە سریستەمی ئیئتلافیە ئاسۆییە تەنها لە سەروو قەتیس دەمێنێت , هەرچی سیستەمی سازانە ستونیە لەسەروو تاخواروو , حکومەتی تەوافوقی و ئیئتلاف و حکومەتی بنکە فراوان و حکومەتی یەکرێزی وحکومەتی (شەراکە) ... هەموی لێکجیان، دەولەتی تەوافوقی گۆڕانکاریەکانی ستونیانە لەسەروو تا خوارووە، بە پێچەوانەی حکومەتی ئیئتلاف ئەگەر هەر گۆڕانێك بێتەدی ئەوا تەنها ئاسۆییانە لەکابینەی ئەنجومەنی وەزیران ڕوودەدات، شۆڕ نابێتەخوارەوە، کەچی لە دەولەتی تەوافوقی هەر گۆڕانکاریەك بێتەدی بەهەر هۆیەك بێت ( تەوافوقیانە بێت یان بەئەنجامی هەلبژاردن بێت) ئەوا لەکابینەو باقی دامودەزگاکانی خوارووتریش ڕوودەدات، تەنانەت دەپەرێتەوە بۆ دەسەلاتەکانی تری وەك پەرلەمان ودادگاو سوپاو پۆلیس و ئاسایش، هەندێکیان تەوافوق یان بە دەستوریانە هەندێکیشیان بێدەستوری، لوبنان بە بیدەستوریە سەرۆککۆمار مسیحیەکی مارۆنیبیت, سەرۆك وەزیران موسولمانی سونەبیت. سەرۆکی پەرلەمان شیعەی موسولمان، سوپا سالاری گشتی مارۆنی وەزیری دەرەوە مسیحی ئەرسەدۆکسی، وزیری بەرگری دورزی، کەچی لەقوبرس وچیکۆسلۆڤاکیا دەستوری بو لەو شێوەیەی خوارەوە : چیکۆسلۆڤاکیا لە دوو میلەتی جیای چیکوسلاڤ پێك هاتوە , ٪٦٦ی

مجلة قەلآی زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چيكو٢٨٪سلۆڤاك وكەمايەتى تريش، قوبرسيش بەپێى دەستورى١٩٥٩ تەوافوقيانە رێككەوتن لەسەر بنچينەى رێژەى پێكهاتەيى، بەجۆرێك٦٠٪كبرسييۆنانى وباقيەكەى تر تورك وكەمايەتى ترن سەرۆككۆمار يۆنانيجيگريتورك،٣٥پەرلەمانتار يۆنانيو١٥توركى،٧به٣وەزيريش ، .. ،عادەتەن لەو جۆرە سيستەمى پەرلەمانى دەبێت نەك سەرۆكايەتى ومعارەزەشى نيە, ئەگەرعيراق ئاوا تەوافوقى بەرجەستە بكات كارى مافى چارەنوسى كوردستان زۆر سانا دەبێت، ئەو كاتى خۆت شەريكى پێويستت بەوەنيە ئەو مافەى خۆت لەميلەتێكى تر داوا بكەى بەلكو رێكارى ياسايى ئۆتۆماتيكى دێتە پيش .

4 – سود لە ديباجەى دەستور وەرگيرێ كە باسى هەڵوەشاندنەوەى سيادەى عێراقى تێدايە.

5 – عيراق لە سالى١٩٧١ه وە مۆرى كردوە لەسەر هەردوو عەهدى تايبەت بە (الحقوقالمدنيةوالسياسية) و(الحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية– كە لەلاى نەتەوە يەكگرتوەكان دەرچوە لە ١٩٦٦/١٢/١٦، لەمادەى١و٢مافى چارەنوس هاتوە) , ئەوەش دەبێتە بەشێك لەياساى عيراقى، سود لەوەش دەبينرێ لەگەل زۆر رێكەوتنە نێودەولەتى تر كە عيراق مۆرى لەسەر كردوە .

**سێيەم: لەسەرئاستيرۆژهەلاتى ناوەراست**

جگە لەو پرۆژانەى چاكسازى لەرۆژهەلاتى ناوەراست هەندێ بنەماى تر لەناوچەكە لەكاردايە كەمتر خراوەتە چوارچێوەى پرۆژەو جارِدان ,**يەكەميان** بريتيە لە هاريكارى وولاتانى ناوچەكە دژى هەر گۆرِانكاريەك لە سنورى دەولەتان ويەكپارچەييان ,پاسەوانى لە سايكس پيكۆ دەكەن , بۆيەش زۆربەى پرۆژەكانى يەكگرتنى دوو دەولەت يان جيابوونەوە سەركەوتوو نەبوە , ئەوانە هێزى زالن لەناوچەكە ,كۆمكارى عەرەبى و ئەنجومەنى هاريكارى كەنداووهێزى گەورەى ئيقليمى ئەو بەشەن ,**دوەميان**چەند پرۆژەيەكيش دژى ئەو نەخشەى سايكس پيكۆ بوە و سەركەوتوو نەبوە ,لەوانەپرۆژەى بەشێك لەچەپيكان , پرۆژەى بەشێك لەناشيۆناليزمى عەرەبى (بەتايبەتى ناسرى) ,لەو سەردەمەى ئيستاش تا رادەيەك بەشێك لەتەيارى ئيسلامى (بەشيعەو سونەوە) .

[55] بروانە (مەوسوعەى جودى –مادە: سيستەمى سازان) .

**تیۆری سیاسی کوردستانی دەبیٚ بزانی لەو دوولایە کامیان خزمەتی ستراتیجی دەکات , دوای ئەو پۆلینە دەبێت هەوڵی سەرخستنی ئەو لایەش بدا کە لێی نزیکە ,بەلای کەمی ئەولایە لێی نزیکە کە لایەنگری ئەو نەخشەیەی ئیستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست نین ,بۆیەش واباشە ڕوانگەی کوردی وابێت لە پرۆژەو بەیانەکان وهەر ئامرازێکی تر کیشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بە سایکس پیکۆو ئەو سنوران ە ببەستێتەوە , ئەوەش بەچەندین جۆر دێتەدی کەلەخوارەوە یەکەیەکەیان باس دەکەین بەکورتی:**

1- **هەرچی پرۆژەی گەشەو یەکخستن وچارەسەریە لە ژێر سایەی نەخشەی سایکس پیکۆ شکستی هێناوە و دێنی(وەك پرۆژەکانی یەکێتی عەرەبی وچارەسەری کێشەکان و پرۆژەکانی تەنمیەومافەمەدەنیەکان و زۆری تر).**

2- **بوە هۆی دابەشی ودواکەوتوویی و یەکتر قەبوول نەکردن وزۆری شەڕوکیشەکان لەو ناوچەیە بێت،دەسەلات لەگەل میلەت ،حکومەتەکان لەگەل یەکتر،هەروەها لەگەل کەمایەتیەکان : (کورد، عەجەم، تورکمان، بەربەر، قیپتی، شیعە...).**

3- **زۆربەی ئەو وولا تانەی سایکس پیکۆیی بەرگەی سەربەخۆیان لاوازە،تا ئێستا پێویستیان بە ئینتداب ماوە ،نمونەی عیراق دوای 58 سال لە دەرچوونی عێراق لە سیستەمی ئینتدابی (مادەی 22ی بەشی یەکەمی – کۆمەڵەی گەلان) جارێکی تر بە پێی بڕیاڕی 661ی نەتەوە یەکگرتوەکان چۆوە بەندی 7 و وسایەکەی ،پۆل بریمەر دەڵێ سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەب پێی ووتم عیراق چاك نابیٚ واچاکە ئێوە بیکەنە ویلایەتی ژمارە (53)ی ئەمریکا**[56].

4- **جگە لەو زانیاری وداتایانەی لەسەروو وپرۆژەکان هاتوون لەزۆر ئاماری تریش واهاتوە کەر ۆژهەلاتی ناوەڕاست گەشە ناکا , داودئۆغلۆش دەڵێت ئەوناوچەیە بە خشتی لەرزۆك بینا کراوە هەر خشتێك تێکچێت هەموی تێکدەڕوخیٚ**[57]**،لەوەوە وەك (مانسفیلد)دەلێت مەترسیە بۆسەر هەمو جیهان**[58] **،لەوە مەترسیدار تر لە نێو خودی عەرەب ئەو وولاتانە بە (الدولة الفاشلة) هاتوون ، کۆمکاری عەرەبی بە مانای کۆی (22سفر) ناوزەد کراوە**[59]**،کەواتە وولاٌتانی سایکس پیکۆیی گەشە ناکەن پاساوی مانەوەیان بە پێی (مەبەستەکانی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ) زیادەیە،هۆیەکەشی ئەوەیە دەولەتی سروشتی نین لەسەر سێکوچکەی یاسایی (هەرێم–گەل–دەسەلاتی سیاسی)**[60] **ڕاستەقینە دروست نەبوە .**

---

[56] بول بريمر- عام قضية فى العراق(النضال لبناء غد مرجو)دارالكتاب العربى –بيروت 2006، ص71 .
[57] داوودئوغلو-العمق الستراتيجى(موقع تركياودورهافى الساحة الدولية )،ت:محمدجابر ثلجى , مركز الجزيرة للدراسات ,ط1 2010 , ص357 .
[58] بيترمانسفيلد – تاريخ الشرق الاوسط ،ت :ادهم مطر ،محاكاة للنشر 2013-دمشق جزء (التوقعات للقرن الحادى والعشرين من ص427-449).
[59] د.الياس فرح: من قضايا الثورة والانسان العربيص29.
[60] بڕوانە دەقی مادەی (1)ی ڕێکەوتنامەی مونتیڤیدیۆی 1933.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ناوچەی سایکس پیکۆ ئەوەندە دواکەوتوە هەندێ زاناو کۆمەڵناس پێیان وایە هەر ئەسلەن کاری مەدەنی ودیموکراسی بۆ ئەو ناوچەیە , لە ڕاپۆرتێکی (بەڕێوەبەری نەخشەی سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لە ژێر ناوی :**نحو ديمقراطية شاملة فی العالم اللإسلامی 2003**–کە پرۆژەی رۆژ هەلاتی ناوەراستی گەورەی ئەمریکی پشتی پیێ بەستوە)**[61] **دەڵێ ئیسرائیل تاکە وولاتێکە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەتوانین پێی بڵێین دیموکراسی،لە پرۆژەکەی ئیسرائیلیش(**شمعون ڤيرس– الشرق الأوسط الجديد **)وبنیامین نەتەنیاهۆ لە کتێبەکەی (مکان تحت الشمس ) )هەمان شت دەڵێ،لەوەش زیاتر بەشێکی تر پێیان وایە ئەوناوچەیە عەقلێکی ساغ بەرهەم ناهێنێ،بە پێچەوانەی هەندێ فەقیهی ئاینی(عەرەبیان بە زیرەك ترین میلەت) هەژمارکردوە،ئەوە ئێستا دەبینین لەژێر سایەی سایکس پیکۆ قسە لە قەیرانی عەقلیان دەکرێت، کۆمەلێك تویژینەوەش لەوبارەیەوە دەرچوە ،لەوانە:** (ازمة العقل العربی –محمدالفزاوی)،(بنية العقل العربی –محمدعابدالجابری) (اغتيال العقل–برهان غليون) , (أزمة العقل المسلم– عبد الحميد أحمد أبو سليمان) .

**چوارەم –لەسەر ئاستی جیهانی(ئامادەکاری بەرەو نەتەوە یەکگرتوەکان)**

**لەسەروو باسی ئاستەنگەکانی بەدەولەت بوونمانکرد (بەتایبەتی لە نێو نەتەوە یەکگرتوەکان ) , ئیستا باسی ئەو ئاستەنگانە زیاتر دەکەین کە لەلایەن میلەتێکی بێدەولەت ڕووبەڕووی دەبێتەوە , وەرگرتنی ئەندامی نوێ لەنەتەوە یەکگرتوەکان ڕێکخراوە بە پێی مادەی (4)ی میساقی نە تەوە یەکگرتوەکان و مادەکانی (58–60)ی پەیڕەوی ناوخۆی (ئەنجومەنی ئاسایش) , هەروەها مادەکانی (134–138)ی پەیرەوی ناوخۆی (کۆمەلەی گشتی ) ,لە مادەی 83ی کۆمەلەی گشتی دیاری کراوە کە 3/2ی ئەندامانی دەبێت پالپشت بن , بۆ ئەنجومەنی ئاسایشیش دەبێت لەکۆی 15 ئەندام (9)ی رەزامەند بێت , نابێت لە نارازیەکان ئەندامی خاوەن ڤیتۆی لەگەل بێت**[62] **, چونکە دەستپێکەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش دەست پێدەکات ,ئەو داوایەی کورد بە سانایی وەرناگیرێ , دەبێت لە رێی ئەو دۆسیانە بێت (1– برگەی یەکی بڕیاڕی 688 2– لیژنەی جێبەجێی مافی چارەنوس کە لە خولی 16ی کۆمەلەی گشتی سالی 1961 دروست بوە 3–لیژنەی (**الحركةالوطنية**) کە لە مادەی (74)ی پەیڕەوی ناوخۆی (**مجلس اقتصادي واجتماعي**) نەتەوە یەکگرتوەکان هاتوە.4–تا ڕادەیەك بەدۆسیە کۆنەکانی ویلایەتی موسل لە بەشی (**الاستنتاجات الجغرافية**) برگەی (د) واهاتوە:** (اذا اعتبرت الحجة العنصرية عاملا حاسما في مشكلة الموصل، فيجب ايجاد دولة كوردية مستقلة فيها، لأن الكورد يشكلون سبعة أثمان السكان)[63] **,هەندێ دۆسیەی تری جینۆساید ...**

[61] پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی ئەمریکی پشتی بە (3) توێژینەوەی بنچینەیی بەستوە :1-مركز الدراسات الاستراتيجية والدولية حول التحديث ) بەڕێوەبەری نەخشەی سیاسی وەزارەتی دەرەوە 3 - دوو ڕاپۆرتی Richard Hassوالديمقراطية فى العالم الاسلامى 2-توێژینەوەیەکی (ریتشارد هاس سالانی٢٠٠٣-٢٠٠٢ لە(برنامج الامم المتده للتنميه )و(تقرير التنمية الانسانية العربية ) .

[62] النظام الداخلي المؤقت لمجلس الأمن (7/Rev.96S/)- 1946

[63] تقرير ولايه الموصل – قسم الاستناجات ص154.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەودووبڕیارەی ( 688 و986) زۆر یارمەتیدەر بوو، ئەویش ئیشی دەویست ئەگینا لە خودی ئەو دوو بڕیارەش باسی سیادەی عیراق لەو ناوچانە دەکا، کارەکە سەختتر بۆوە دوای ئەوەی عێراق بەپێی هەردوو بڕیاری 2299ی وبریاری (ژ:2017 ) لەبەندی (7) دەرچوو, ئێستاخاوەنی سیادەی هەمو عێراقە وەك لە دەستپێکی بڕیارەکە (2299) باس لە گێڕانەوەی سیادە دەکا، واتە بەپێی قانونی دەولی ئێمە لە کوردستان (یان حکومەتی هەرێم) خاوەن سیادەی (هەرێمی کوردستان) نین، لە پیشووتر دەبێت کۆمەڵێك کارو ئامادەسازی یاسایی وسیاسی وئیداری و..کردبێت ,لەسەروو زۆرلایان باس کرا لەو ئامادەسازیانە ,ئەوەی ماوە پرسی بەرپا کردنی سیادەی کوردستانە وکاڵ کردنەوەی سیادەی عیراقە لە ناوەندیەکی تۆکمە بۆ دوانەیی و(لا مرکزی) ,کە لەخواروو بەکورتی باسیان دەکەین .

**دروستبوونی سیادەی مەرکەزی عیراق**: لەبەرئەوەی عیراق بەو قەبارەیەی ئیستا بوونی سیاسی نەبوە، پەیوەندی سیاسی ویاسایی لە پرۆسەیەکی میژوویی دروستنەبوە لە نێوان ( گەل وخاك ودەسەلاتی سیاسی) ، کۆمەڵێك پرۆسەو بڕیاری نێودەولەتی دروستیکردوە، سەرەتا لە مادەی(1)سایکسپیکۆ(1916) هەردوو ویلایەتی بەسرەو بەغدا ئامادەکرا، جیاکردنەوەی عێراق لەدەولەتی عوسمانی بەپێی مادەی (94 و 132)لە ریکەوتنامەی سیڤەر(1920)، بەپێی مادەی 27 یش سنوری دیاریکرا،سیادەو سنوری عێراق کەوتبوە سەر سەرکەوتنەکانی بەریتانیا وەك لە ڕێنمایی بەریتانیا بۆ بەرپرسان واهاتبوو : دەوڵەتێك بۆ عەرەب دروست بکەن لە فاوەوە تا ئەو خاڵە هێزی بەریتانی پێدەگا ,بەپێیمادەی (12)ی ئینتداب بەریتانیاکاروباری دەرەکی بۆ عیراق بەرێوە دەبرد لەوانەش پرسی سنورو سیادە ,دوای بەپێی مادەی 22ی بەندی یەکی(عهدی عوسبە)عیراقی عەرەبی دروستکرا (1921)، کوردستانی تیانەبو, (چەرچل) بروسکەی بۆ خودی شا فەیسەلیش ناردوە ، تیایداخوارووی چیای حەمرین بە سنوری سەرووی (عێراقی دروستکراو )دیاری دەکا[65]، کوردستان و عێراق هەریەکەبە ماددەیەکی جیا ی سێڤر لە عوسمانی جیابوەتەوە، عیراق بەمادەی 94 وکوردستانیش بە مادەی (63)، بۆ کورد ڕێکەوتنامەی لۆزانی 1923ی هاتەجێی کەحەفت مانگی خایاند[66]، لەنێوان143مادە128 جار ناوی تورك و تورکیای تیا هاتبوو ناوێکی کوردو کوردستانی تێدانەبون ، بۆ یەکەم جاریش بوو ناوی عیراق (لە جیاتی میزۆ پۆتامیا ) دوو جار لە مادەی (3) هاتبوو ،تا ئەو کاتی هیشتا لەلایەن بەریتانیاڕوانگەیەکی ڕوون نەبوە ئاخۆ چارەنوسی خوارووی کوردستان چۆنە ,وەك لەوەلامی بروسکەی ژ :148ی رۆژی 1921/6/9 وەزیری کۆلۆنیالی بەریتانی بە ژ :21/201 دەلێت هیشتا بەریتانیا ساغی نەکردۆتەوە ئاخۆ خوارووی کوردستان بە پێی مادەکانی سیڤەر بەرەو دەولەتی سەربەخۆ دەچێت یان بە عیراقی نوێ دەلکێندرێ ، بەهەمان ئاڕستە چەرچل وەلامی بروسکەیەکی شا فەیسەل دەداتەوەو دەلێت :

---

[64] عبدالرزاق محمدی اسود- موسوعة العراق السياسية، ، ج2، دار العربية للموسوعات بيروت ط1 1986 ,ص472 .
[65] بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانیا (fo 371/16367)تیلگرام ژ:616 هەمان ڕاستی دوبارە دەکاتەوە.
[66] Encyclopædia Britannica–Treaty of Lausanne, :Article
[67] بەخۆم بەو ئامارە هەلسام .
[68] ئەو ئامارانەم لەدەقی ریکەوتنامەکە دەرهیناوە (توێژەر).

مجلة قەڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئێمە بەلێنی پێك هێنانی دەولەتۆكەكی عەرەبیمان پێدایت نەك ئیمپراتۆریەت بۆیە سنوری تۆ (جبل حمرین)ە لەوی بەسەرەوە كوردستانە** [69] **,,دوای ڕای بەریتانی گۆڕاو بەزەبری هێز لە 1925/10/16 بەیەكجاری ویلایەتی موسل(كوردستان) خرایە سەر عێراق** [70] **، دۆسیەی سیادەی كوردستان لە (كۆمەلەی گەلان) خراسەر عیراق بەپێی جەلسەی ژ:37ی (عصبەالامم) رۆژی 1925/12/16 ،ئینجا نوسراوی ژ:4/3330 ی برسی كۆكس داوا لە حكومەتی عیراق كرا كوردستانی خواروو بە عیراق بلكێندرێ، بەو شێوەیە سیادەی كوردستان بە عیراقێكی مەركەزی لكێنرا، ئەو سیادەیە پتەو كرا بە بڕگەی (8)ی مادەی(15) عهدی عوسبە, دوای لە میساقی نەتەوە یەككگرتوەكان ( بڕگەی 7ی مادەی دوو ) چەسپا، هەموویان دەبنە پالپشت بۆ مادەی (1)ی دەستوری ئیستای عیراق كە دەلێت :** (جمهورية العراق دولة" اتحادية واحدة مستقلة" ذات سيادة كاملة ) .

**بەرپای سیادەی كوردستان :لەسیادەی مەركەزی عیراقەوە بۆ سیادەی دوانەیی(كوردستان وعێراق) بۆ ئەو میلەتانەی (بەشی دوەم– كەلەسەروو باس كرا )پرسی بەرپاكردنی سیادە ئاسان نیە ,بەتایبەتی بۆ كوردستان لە چوارچێوەی عیراق یەكجار هەستیارە , هیچ بوارێكی دەستوری ویاسایی پێنادرێ ,بۆیە دەبێت بەناڕاستەوخۆو دوورمەودا كاری بۆبكەی , بە ڕاشكاوانە ناكرێت , هەربۆیەش فرە ڕێگەو فرە ئامراز بەكاربهێنیت , لەپێش هەموان زەمینەنەیەك لەزانیاری و باری سایكۆلۆجی وا بڕەخسێنی كە ئەو سیادەمەركەزیەی عیراق ئەزەلی و ئەبەدی نیە , بەسروشتی خۆشی دروست نەبوە ,بەلكو لەچوارچێوەی پیلانی ئیستعماری دژی میلەتانی ناوچەكە (بە عەرەب وكوردەوە بەشیعەو سونەوە ...) داڕژراوە , بۆیە وەبیرهێنانەوەیەكی هەمیشەیی دەوێت .**

**وەك لەسەروو دەركەوت كوردستان مێژووی سیاسی وئیداری ویاسایی خۆی هەیە، بناغەكانی سیادەی خۆی هەبوە، بۆیە تەقەلای پێكەوەلكاندن لەگەل عێراق بەقۆناغی جیاجیا تێپەڕیوە، سەرەتا جۆرە كۆنفیدرالیەك بوە, لە پرۆژەی (نۆئیل) دەست پێدەكا كۆنفدرالی خوارووی كوردستان پایتەختی سلیمانی بوو** [71] **, دوای جەنگی جیهانی یەكەم و هەلوەشانەوەی عوسمانی لەسەرەتادا دابەشیەكەی رۆژهەلاتی ناوەڕست لەسەر بنچینەی كۆنفیدرالی بوە ،وەك لەمادەی** (1) ( **سایكس پیكۆ** ) **هاتوە** : المادة الأولى :(ان فرنسا وبريطانيا العظمى مستعدتان أن تعترفا وتحميا أى دولة عربية مستقلة أو حلف دول عربية ...)، **لە جیاتی كۆنفدرالی لێرە بە** (**حلف**)**هاتوە , جاریكی تر لە** (وصايا وزارة الهند الى وزارة الخارجية) **دەربارەی سیاسەتی بریتانیا لە عیراق كەلە 22/كانون یەكەم/ 1920 لە مادەی(5) دەقەكەی بە كۆنفیدرالی نێوان كوردستان وعیراق وا هاتوە** : المادة(5) تؤكد فيه ا الدولة الكوردستانية او اتحاد مع العراق [72] **, لە ڕێنماییەكی تری ونستۆن چەرچل كە لە 1922/7/11 بۆ (بیرسی كۆكس)هاتوە دیسان پیشنیاری كۆنفدرالی دەكاتەوە** ( ..في حالة

---

[69] بەلگەنامەی بەریتانیا: (fo 371/16367)تیلگرام ژ:616 .

[70] عبدالرزاق القيسى- ولاية الموصل(تقرير لجنة عصبة الامم)مطبعة رنج /سليمانية ص10 .

[71]- دسعد بشير اسكندر - سياسة البريطانيا العظمى ص142.

[72] الملف القانونى لحق تقرير مصير كوردستان وفق قوانين الدوليه ص74.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مشاركة الكورد في الانتخابات العراقية يقام تشكيل اتحاد كوردستان مع المناطق العربية في عراق موحد )[73] , **لە ڕاپۆرتی ویلایەتی موسل هەمان خواستی تێدا هاتوه**[74]**،بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی بە ژ :676ی ڕۆژی 1922/11/28 بۆ دەولەتی عیراقی تیایدا داوا دەکات ڕەزامەندی پیشان دەدات بۆ حکومەتی کوردستانی کە دروست ببوو , ئەو بروسکەیە بوە هۆی ئەوەی لەهەمان ڕۆژ بەیانێکی هاوبەشی ڕەزامەندی بەریتانی وعیراقی بۆ دروست بوونی حکومەتێکی کوردستانی بلاوببێتەوەو داوای دانوستانیش بکەن**[75] .

**ئەو دۆخە قانونیە لە بڕیارو ڕاسپاردەکانی (عصبەالامم) و (ڕاپۆرتی ویلایەتی موسل) هاتبوو (وەك لەسەروو نیشاندرا)، لە دەستورو یاساکانی دەولەتی عیراقیش هاتبوو، ئالاو دروشمی عیراق بریتی بوو لە دوو ئەستێرە، کە گوزارشی لەو ڕاستیە دەکرد بەپێی{نوسراوی (مسبیل)ی ڕۆژی 1921/8/28**[76] **, هەروەها مادەی (4)ی دەستوری 1925 ویاسای** (شعارالدولةالعراقيةرقم 25 لسنة 1931/3/3) مادةي(1) **لەویاسایە}،..هەر لەوەشەوە مەلیك فەیسەل بەلێنی بە مەلیك محمود دا کە حکومەتی کوردستان هەبێت لە چوارچێوەی عیراق وجیانەبێتەوە**[77]**,زیاتر لەوانەش لەسەرەتادا خودی عیراقیش بە سیناریۆی جیا سەری هەلدا لەسەرەتا زۆربەیان لە کۆنفدرالی نزیك بوو : {کۆنفدرالی هندی و ولایەتی بەسرە – کۆنفدرالی عیراق و هند (ئەودوە پێشنیاری وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیا بوو )**[78]**، کۆنفدرالیەکی چوار هەرێمی (بەسرە–بەغدا–موسل– فراتی ناوەراست) – کۆنفدرالی (بەسرەو بەغدا)}, عێراقی سەروو وعێراقی خواروو, ئەوە نەخشە ڕێگەیەکی لۆرانس بوو بۆ ئەوەی عراقی سەروو (ولایەتی بەغدا) بۆ ملك عبدالله ،عراقی خواروو (ویلایەتی بەسرە) بۆ ملك زید**[79] **، ئەو کاتی ملك فەیسەل ببوە پادشای سوریە .جۆرە کۆنفیدرالیەکی تر هاتبوو هەروەك لەیەکەم تێڕوانینی بەریتانی– بەلگەنامەی ژ (B . 7701) بۆ هەمو ناوچەکەکە لە 1917/3/29 لەلایەن وەزیری هندی لە حکومەتی بەریتانی بۆ سکرتێرو نوێنەرە بەریتانیەکان لە عیراق هاتبوو .**

**بە سروشتی خۆشی لەگەل هەلوەشانەوەی عوسمانی وپەیدابوونی بۆشایی سیاسی ویاسایی لەناوچەکە عیراقیکی خاوەن سیادەی تەواو پێشووتریش نەبوە , لەسەردەمی عوسمانیش کوردستان ئیالەت و ویلایەتی سەربەخۆی هەبوە، عیراق هەر نەبوو ، تەنانەت لە دوای بڕیاری دروستکردنی دەولەتی سێ حکومەت لەخواروو (کەربەلا١٩١٨–١٩٢٠) وناوەڕاست (بەغدا١٩٢٠–...) ولەکوردستان (سلێمانی١٩١٨–١٩٢٣) دروستبوو**[80] **، ئەوەش گوزارش لە لێك جیابوونەوەی سیادەی ئەو ناوچەیە دەکا، کەچی بەپێك لکاندنیان تائەو ساتە سێ پێکهاتەکانی عیراق نەگونجاون، هەردەم ژێرخانی سیادەی جیای هەریمی کوردستان سەرخانی دەسەلاتی تایبەت بەخۆی**

---

[73] هەمان سەرچاوە .

74 ولاية الموصل .ص221.

75وثيقة وزارة الخارجية البريطانية – Fo371/11459 .

76 العراق فىرسائل مس بيل... ص188 .

77العراق فى رسائل مس بيل –رسالة ليوم 1923/1/5 ، ص471 .

78تأريخ الوزارات العراقية ج1 ص39.

79د.على وردى - لمحات من تاريخ العراق - قسم الأول –حول ثورة العشرين ج 5 ص 58.

[80] مسعودعبدالخالق- ڕۆلی عەلمانیەت لەدروست بوونی مەینەتی کورد –چاپخانەی ڕۆژهەلات ,هەولێر 2014 – ل187 .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دروستكردوه,...ئەوانە هەمو زەمینەیەكی مێژوویی وسیاسی ویاسایی ئامادە دەكا بۆ ئەوەی پەیوەندی كوردستان وعێراق لەسەر بنچینەی دوومیلەت ودوو هەرێم و دەولەتێكی پێكهاتەیی دروست بێت ,بەرپاكردنی سیادەی كوردستان تاڕادەیەك بەپێچەوانەی لكاندنی كوردستانە بە عیراق كە لەسەروو باسكرا لە كۆتاییدا عیراقێك بە یەكگرتووی فرە سیادە بێت ,واش لە دەستور تۆمار بكرێت , ئەو دۆسیەش تۆمار بكرێت لە نەتەوە یەكگرتوەكان , لەوەش باش تر عیراقێكی 3 هەرێمی كە لەسەروو باس كرا .ئەوەش بكرێتە دەستوری و چاودێری نەتەوە یەكگرتوەكان .**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام و ڕاسپاردە

**لەو کورتە توێژینەوە دەگەینە چەند ئەنجام وڕاسپاردەیەك**

1- پرسی نەتەوەیی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەلدا , دیاری کردنی تەمەنی ئەو پرسە یارمەتیدەرە بۆ چۆنیەتی دیاری کردنی هۆکاری بەدەولەت نەبوون وئاستەنگەکان و نەخشە ڕێگەی دەربازبوون .

2- هۆکاری بەدەولەت نەبوون جیایە لەگەل بەردەوامی ئەو هۆکارە , هەردووکی ئیستعمار بەتەنها لێی بەرپرسیار نیە بەلکو وولاتا نی ئیقلیمیش لێی بەرپرسیارن ,لەوەوە دۆزەکە زۆر ئالۆزو سەخت دەبێت ولەدۆزە ئاساییەکانی پرسی میلەتانی بێدەولەتی تر جیا دەکرێتەوە .

3- هیشتا باش کار نەکراوە بۆ ئەوەی دۆزی کوردستان لە پرسێکی دەڤەری ناوەکی عیراقی بەرزبکرێتەوە بۆ دۆزێکی بنچینەیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست , بۆیەش کورد پرۆژەی چاکسازی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی نیە .

4- پرۆسەی بەدەولەت بوون ڕێگاو ئامرازی جیاجیای گرتۆتە بەر لەو جیهانە , خەریکە بلێین هەردەولەتێك شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەبوە ,لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستیش پرۆسەی بەدەولەت بوون ڕێگەی زۆر تایبەتی خۆی هەیە ,کەمتر لە ڕێگەی دیموکراسی و ریفراندۆمی قەبوولە , دەبێت ڕەچاوی خالی (3)بکرێت بۆ ئەو مەبەستە .

5- مەرجەکانی بەدەولەت بوونی کوردستان لە پیشوو تریش سازا بوو ,ئیستاش بە پێی بنەماکانی (مافی چارەنوس )سازاوە ,کەچی هیشتا ئەو دۆسیەیە بەووردی کاری لەسەر نەکراو ە ,هیشتا لای زۆربەیان پرسی (مافی چارەنوس) و (مافی جیابونەوە) یان لا تێکەل بوە .

6- پێویستە بە زوو ترین کات بەدۆسیەی یاسای نێودەولەتی پرسی کوردستان لە (مافی جیابونەوە)وەرچەرخێنی بۆ (مافی چارەنوس )کە ئەوەی دوەم زۆربەی ئاستەنگەکانی بەردەمی بەدەولەت بوونی کوردستان سانا تردەکاتەوە .

7- ئاستەنگەکانی بەدەولەت بوونی کوردستان جیاترە لە میلەتانی تر , زانستی وتویژینەوەی پیویستە , مونەزیرو شارەزای دەویٚ بۆ پیادەو ئیدارەکردنی .

8- بەشێك لە ئاستەنگەکان بابەتین بەلام بەشێکی زۆریش خودین خۆمان پێی هەلنەستاوین هیشتا خەلکی شایستە نەچۆتە ئەو شوێنە شایستەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەوکارانە.

9- بۆ میلەتانی بێدەولەت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست فاکتەری دەرەکی و پشتیوانی نێودەولەتی یەکجار زۆر پێویستە تا ڕادەی زیادە ڕەوی لە وەسفی دا .

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10 ـوورد بوونەوە لە ئاستەنگەکانی بەردەم بە دەوڵەت بوونی کوردستان نەخشە ڕێگەیەکی سانات بۆ دیاری دەکا بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە .

## سەرچاوەکان


1 - ل،ن کوتلوف: پوره عشرين الوگنيه التحرريه فى العراق ،ت:د.عبدالواحد كرم ،وزاره الإعلام –بغداد\1971م.
2 - د احمد گحان–حتميه التغير فى الشرق الٲوسگ،دارالمعرفه گ12006م،بيروت ص22–23.
3 - د.الياس فرح– من قچايا اليوره والانسان العربى–المؤسسه العربيه للدراسات والنشر 1977،گ1.
4 - فكرت عبدالفتاخ–سياسه العراقيه الخارجيه في المنگقه العربيه –منشورات وزاره اليقافه والاعلام –دارالرشيد للنشر1981.
5 - عبدالله ئوجلان –ازمه المدنيه وحل الحچاره الديمقراگى فى الشرق الاوسگ –مگبعه رنج 2011 .
6 - معهد السلام الامريكى (حل النزاعات بين الاديان) –مركز التعليم والتدريب–2008 .
7 - يافغينى بريماكۆف: الشرق الٲوسگ (المعلوم والمخفى) ،ت: عبدالسلام شهباز ،گ12006 دار اسكندرون دمشق .
8 - Amodern Dictionary Political Analiysis- geoffr Roberts
9 - تقرير لجنه عصبه الامم خاص بقچيه ولايه الموصل ( league of nations Geneva august 20th,1925 Question pf the fronitier between Turkey and Iraq c. 400 m. 147 1925 vII errata ) :
10 - سەلام ناوخۆش–مسعودعبدالخالق: بەندەکانی کۆنگرەی سیڤەرو خویندنەوەیەکی تر – چاپخانەی منارە ,هەولیر–لە بلاوکراوەکانی ستاندەر .
11 - : ماريانا خاروداكى –الكردوالسياسه الخارجيه الامريكيه – ت:خليل الجيوسى ,دار الغارابى , گ1 2013 .
12 - محمود شاكر– التأريخ الٳسلامى المكتب الاسلامى، گ2 1996.
13 - روبرت اولسن–تاريخ الكفاح القومى الكردى –دارالفاۆابى ,ت:احمدخليل گ1 ص87 .
14 - سعدالدين ابراهيم – الملل والنحل والٳعراق –مركز أبن الخلدون گ2.
15 - منڤمه ستاندرد–الملف القانونى (حق تقرير المصير لشعب كوردستان وفق القوانين الدوليه ) گ1سنه 2014.
16 - مسعودعبدالخالق –مەوسوعەی جودی ,تفسير چ1 2016, ب2 ل579 .
17 - ولايه موصل (تقرير لجنه عصبه الامم الخاصه بحل النزاع التركى –البريگانى حول ولايه الموصل ) مراجعه وتحقيق: عبدالرزاق محمودالقيسى .
18 - مسعودعبدالخالق– رۆلی عەلمانیەت لەدروست بوونی مەینەتی کورد –چاپخانەی رۆژهەلات ,هەولیر 2014 .
19 - د.على الوردى، لمحات اجتماعيه من تاريخ العراق الحديپ .
20 - د.وليد حمدى , الكرد وكرستان فى الوپائق البريگانيه , مگابع سجل العرب.
21 - محى الدين اسماعيل – توينبى منهج التاريخ وفلسفه التاريخ , دار الشۆن اليقافهالعامه ,1986, گ2.
22 - د.عثمان على: دراسات فى الحركة الكوردية المعاصرة، ط1 /1983، جهه الأصدار:التفسير–أربيل

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ١ )، شتاء ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

23 - عبدالرزاق الحسنى –العراق فى ڤل المعاهدات – بيروت دار الكتب, گ6 ج2.

24 - د حامدمحمودعيسى –المشكله الكرديه فى الشرق الاوسگ– مكتبه المدبولى 1992 القاهره .

25 - بول بريمر– عام قچيه فى العراق(النچال لبنا و غد مرجو)دارالكتاب العربى –بيروت 2006 .

26 - داوودئوغلو–العمق الستراتيجى (موقع تركياودورهافى الساحه الدوليه ),ت:محمدجابر پلجى , مركز الجزيره للدراسات ,گ1 2010 .

27 - عبدالرزاق محمدى اسود– موسوعه العراق السياسيه، ، ج2، دارالعربيه للموسوعات بيروت گ1 1986 .

28 - مس بيل –العراق فى الرسائل مس بيل، ترجمه:جعفر الخياگ، دارالحريهللچبا و، غداد/1977

29 - دسعد بشير اسكندر – سياسه البريگانيا العڤمى تجاه مستقبل كردستان (1915– 1923) – مگبعه شفان /سليمانيه 2007 .

30 - بيترمانسفيلد – تاريخ الشرق الاوسگ ،ت :ادهم مگر ،محاكاه للنشر 2013–دمشق .

31 - سركيس ابوزيد: ايران والمشرق العربى (مواجهه ام تعاون) –مركز الحچاره التنميه الفكر الاسلامى –بيروت ،گ1 .

32 - سود لەو مەوسوعەو قاموسانەش وەرگيراوه (1– الموسوعه العربيه العالميه – الموسوعه السياسيه–كيالى – الموسوعه العربيه –قاموس السياسى, قاموس السياسى السوفيتى–..)

33 - سود لەو سەرچاوانەش وەرگيراوه (Encyclopedia of Philosophy)هەروەها ( Amodern Dictionary Political Analiysis- geoffr Roberts) هەروەها (Encyclopædia Britannica) ...لەگەل چەندين سەرچاوەی تر كه لە پەراويزەكان هاتوون .

**ملخص**

عقبات نشأة الدولة الكوردستانية، من ناحيتي: السياسة الدولية والقانون الدولى : هناك فرق اساسى بين من قام بتقسيم كوردستان (بداية القرن العشرين) وبين استمرار القضية لحد الآن, ففى الأول المسؤلية تقع على عاتق الاستعمار واأهدافها , وبينما فى الثانى تتوسع الى المسؤولية الإقليمية والداخلية (الدولة المحتلة). من هنا تتعقد و تتشابك العقبات والثغرات لتشمل جوانب سياسية و قانونية و عسكرية , وهى خارج نطاق القدرات الكردية؛ وكلّ هذا أدى الى اطالة المسألة الكوردية دون ظهور افاق الحل . من أجل ذلك نحتاج الى تشكيل تحالفات على مستوى الشرق الاوسط و العالم, وتلك التحالفات ليست يسيرة للكيانات التي لا تملك دولة, ولكن ليست امرا مستحيلا. فقد جاءت لحظات تاريخية فيها فرص كبيرة و ذهبية و مهيأة لتحقيق قضيتها العادلة ولكنها لم تُستغل, بسبب (قلة الحكمة، والمعرفة الكافية للعلوم السياسية والقانونية من قبل القي ادة الكردية)، فذهبت سدى دون الاستفادة المرجوة من تلك الفرص.

ولابد الإشارة إلى أنه أمامنا فرصا اخرى لتحويل المسالة الكردية من (حق الاذفصال) الي (حق تقرير المصير), و هذا يعني الارتقاء بمستوى القضية الكوردية من شأن داخلي ومحلي إلى المستوى الإقليمي (الشرق الاوسط) والعالمي. وهذا ما دفعنا

إلى تسميته بـ (تدويل القضية الكوردية ), وأحد متطلبات (تدويل القضية ) هو بناء مشروع إصلاح الشرق الاوسط إلى جانب مشاريع إصلاحية دولية اخري .

وأخيرا، في هذه الدراسة بحثنا بدقة العقبات الداخلية والاقليمية و الدولية (لنشأة الدولة الكوردستانية) , وفيها خارطة طريق على صعيدي ( السياسة الدولية ) و(القوانين الدولية ), ومن خلالها يمكن التغلب على العراقيل والعقبات المذكورة، وبناء الدولة الكوردستانية من غير التعدي على سيادة ومصالح شعوب المنطقة, بل ستصبح العامل الأساس للسلام والاخوة .

**Abstract**

**Obstacles to the establishment of Kurdish state**
**In the fields of international politics and international law**

There is a fundamental difference between those who divided Kurdistan (beginning of the twentieth century) with the continuation of the case so far, the first responsibility lies with colonialism and its objectives, while the second expands to the responsibility of regional and internal (the occupied state). Hence, the obstacles are intertwined to include political, legal and military aspects, which are beyond the scope of the Kurdish capabilities; all this has led to continuation of the Kurdish issue without the prospect of a solution.

For that we need to form alliances in the Middle East and the world. Although, these alliances are not easy for entities that do not have states in fact, but it is not impossible. Indeed, historical moments and great opportunities have come several times to establish a Kurdish state, but due to lack of wisdom and sufficient knowledge of Kurdish leadership in terms of political and legal aspects so that has led to miss these opportunities.

It should be noticed that there are still opportunities to turn the Kurdish issue from "right of secession" to "self-determination". This means the Kurdish issue has to be internationalized and one requirement for that is to build the Middle East reform project along with other international reform projects.

Finally, in this study we precisely examined the internal, regional and international obstacles to the establishment of Kurdish state. The roadmap is based on international policy and international laws. These obstacles can be overcome and building a state without violating the sovereignty and interests of the peoples of the region. Rather, it will become the foundation factor for peace and brotherhood.